ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# ئاڵنگارییەکانی بەردەم پەرەپێدانی ئینتیمای نیشتمانی (هەرێمی کوردستان لە دوای 2005 بە نموونە)*

کەژاڵ کمال هادی
بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەڵاحەدین - هەولێر، هەرێمی کوردستان – عێراق
Kazhal.hadi@su.edu.krd
پ. ی. د. موەفەق عادل عمر
بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەڵاحەدین - هەولێر، هەرێمی کوردستان – عێراق
muwafaq.omar@su.edu.krd

| وشە کلیلیەکان: | Received: 09/07/2025 | ID No. 4617 |
|---|---|---|
| ئینتیمای نیشتمانی، پارتی سیاسی، ناسنامە، هاوڵاتیبوون، هەرێمی کوردستان. | Accepted: 07/09/2025 | (PP 1 - 33) |
| | Published: 15/02/2026 | https://doi.org/10.21271/zjlp.24.41.1 |

## پوختە

مەبەست لە ئینتیمای نیشتمانی ئەو ڕەفتارانەیە کە گوزارشت لە پابەندبوونی تاکەکان دەکات بەو بەها نەتەوەییانەی کە لە کۆمەڵگادا زاڵن، وە شانازیکردن بە هێما و سیمبوڵە نەتەوەییەکان، پابەندبوون بە یاسا و ڕێسا باوەکان و وابەستە بوون بە خاک و نیشتمان. پارتە سیاسییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە پەرەپێدانی ئینتیمای نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان، بەگوێرەی ئەو ئامانج و ڕێبازە سیاسی و کولتووریانەی کە پەیڕەوی دەکەن. ئامانج لە نووسینی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی ئەو ئاڵەنگارییانەیە کە لەبەردەم پەرەپێدانی ئینتیمای نیشتمانین، کە هاوکات پارتە سیاسییەکان لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەو ئەرکە هەڵدەستن، لە سەرەکیترین میکانیزمی پارتە سیاسییەکان لە پەرەپێدانی ئینتیمای نیشتمانی بریتیە لە ئایدۆلۆژیا، واتە پارتە سیاسییەکان لە ڕێی ئایدۆلۆژیا و بیرۆکەکانیان ڕێبازێکی دیاریکراو بۆ پەرەپێدانی ئینتیمای نیشتمانی دادەنێن. میکانزمی دووەم، دەکرێت پاراستنی هاوڵاتیان و بەرگری کردن بێت لە سەربەخۆیی نیشتمانی، پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان وەك نوێنەری خەڵك ڕۆڵێکی سەرەکیان هەبووە لەو بارەیەوە. جگە لەمانە پاراستن و پەرەپێدانی کولتوور و زمان و مێژووی هاوبەش یەکێکە ترە لە بنەما سەرەکییەکانی ئینتیمای نیشتمانی کە بە درێژایی مێژوو پارتە سیاسییەکان ڕۆڵیان هەبووە لە پاراستنی.

لەم توێژینەوەیە میتۆدی وەسفی و شیکاری بەکارهاتووە بە مەبەستی تێگەیشتن لە واقعیی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان، و شیکاری کردنی ئەو زانیاری و ڕووداوانەی کە پەیوەستن بە ناسنامە و ئینتیما. لە پاڵ ئەمەشدا میتۆدی دیراسەی حالەت (case study) بەکارهاتووە بۆ شیکردنەوەو شرۆڤەکردنی ئەم پرسە لەسەر هەرێمی

* ئەم توێژینەوەیە هەڵێنجراوی نامەی ماستەری قوتابی (کەژاڵ کمال هادی) بە ناونیشانی ( ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان لە پەرەپێدانی ئینتیمای نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان 2005 - 2025)ە بە سەرپەرشتی (پ.ی.د. موەفەق عادل عمر)، کە پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەڵاحەدین – هەولێر دەکرێت.

کوردستان. تویژینەوەکە پشت دەبەستێت بە تیۆری بونیادگەرایی کە دەتوانێت چوارچێوەیەکی تیۆری دابین بکات بۆ تێگەیشتن لە ئاڵینگارییەکانی بەردەم پەرەپێدانی ئینتیمای نیشتمانی لە لای پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان. ئەم توێژینەوەیە گەیشتۆتە ئەو دەرەنجامەی کە چەندین ئاڵنگاری هەن لەبەردەم پارتە سیاسییەکان بۆ کارکردن لەسەر ئینتیمای نیشتمانی، گرنکترینیان ئاڵنگاری ناسنامەی نیشتمانیی و ئاڵنگاری ئابوری و سیاسی، هەروەها ئاڵنگارییە یاسایی و دستورییەکان. بە هۆکاری ئەوەی هەرێمی کوردستان بە دەست کێشە و گرفت و قەیرانی ئابوریی درێژخایەنەوە دەناڵێنێت کە لە ئەنجامدا چەندین قەیرانی سیاسی یەك لە دوای یەکی دروست کردووە. ئەم ئاڵنگارییانەش کاریگەری نەرێنی و راستەوخۆیان هەیە لەسەر پەرەپێدانی ئینتیمای نیشتمانی لای پارتە سیاسییەکان تا ئاستی دروستکردنی قەیران بۆ ئینتیمای نیشتمانی کە ئێستا لەهەر کاتێکدا روونتر سیماکانی دەردەکەون.

## پێشەکی

**یەکەم: دەروازەیەك بۆ ناساندنی بابەتی توێژینەوەکە:**

دەتوانین بڵێین کە ئینتیمای نیشتمانی چ لە ئاستی حوکمڕانی و دەوڵەتداریدا بێت یاخود لە ئاستی پارتە سیاسییەکان، هەمیشە ستونێکی سەرەکیە بۆ شەرعیەتی سیاسی و مانەوەی دەسەڵات. ئەمە بۆ هەرێمی کوردستان چەندین جار کاریگەری زیاتریشە، بە حوکمی ئەوەی هەرێمی کوردستان چوارچێوەیەکی نێودەوڵەتی دانپێدانراوی نییە وەك دەوڵەتێك خاوەن سەروەری، بە تایبەت دوای ساڵی 2005، کە هەرێمی کوردستان پێگەیەکی دەستوری وەرگرت وە قەوارەیەکی فیدڕالی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا. لە راستیدا، ئینتیمای نیشتمانی پرۆسەو ئەزموونێکی ئاڵۆز و سەختە کە تیایدا مێژوو و سیاسەت و ناسنامەی کولتوری بەرجەستە دەبێت. گۆرانکارییە سیاسی و کۆمەلایەتییە یەك لە دوای یەکەکان ڕۆڵی گرنگیان هەبوو لە دروستبوون و وتێروانینی کورد بۆ بابەتی ئینتیما بۆ خاك و نیشتمان. لەدوای روخانی رژێمی بەعس، ئەم پرسە لەهەر کاتێکی تر پێویست تر بوو بۆ مانەوەو بەردەوامی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ کە رەنگدانەوەی بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان بێت.

چەسپاندنی روحی ئینتیمای نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگادا بە بێ کیشە و گرفت نییە چونکە ئینتیمای نیشتمانی رەهەندی جیاوازی هەیە و لەهەمان کاتدا پرە لە ئاڵنگاری، لە سەرووی ئەم ئاڵنگارییانە، ئاڵنگارییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان دێت. لە سەر ئاستی ناوخۆدا ململانێیەکانی گەیشتن بە دەسەڵات لە نێوان لایەن و پارتە سیاسییەکان لە سەرووی هەموویان دێت، هەر پارتێکی سیاسی کار بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجی تایبەتی خۆی دەکات، ئەمەیش دەبێتە هۆی دروست بوونی جۆرە ناسەقامگیرییەکی بەرچاو. هەروەها بابەتەکانی وەکو گەندەڵی و جیاکاری و نادادپەروەری ئابوری و پەرەپێدانی ناسنامە لاوەکیەکانی وەکو ناسنامەی حزبی و خێڵەکی، لە گرنکترین ئاستەنگەکانی بەردەم ئینتیمای نیشتمانیین لە هەرێمی کوردستان. لەسەر ئاستی دەرەکییش بۆ نموونە کاریگەریی و دەستوەردانە هەرێمیەکانی وڵاتانی دراوسێ، لە گرنگترین ئەو ئاڵنگاریانەن. لەم سۆنگەیەوە، بابەتی ئینتیمای نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان، پێویستی بە تێگەیشتنێکی قوڵ هەیە بۆ تێگەیشتن لە ئاڵنگارییەکانی بەردەم پەرەپێدانی ئینتیمای نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان کە پرسی سەرەکی ئەو توێژینەوەیە دەبێت.

**دووەم: گرنگی توێژینەوە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە تایبەتە بە بابەتێکی هەنوکەیی هەستیار کە زێدە گرنگە بۆ شەرعیەتی سیاسی و مانەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان، بەو واتایەی ئەستەمە کیانێکی سیاسی بەبێ بوونی ئینتیما بۆ خاک، نیشتمان و بەها نەتەوەییەکان بتوانێت بمێنێتەوە، بە تایبەت لە ژینگەیەکی سیاسی سەخت و هەستیاری وەك ژینگەی جیۆپۆلۆتیکی هەرێمی کوردستان، بە تایبەت دوای ئەو گۆرانکارییە سیاسی و دەستوریانەی کە عێراق لە دوای 2005 بە خۆیەوە بینی، چونکە ئینتیمانی نیشتمانی توخمێکی سەرەکییە لە چەسپاندنی سەقامگیریی سیاسی و کۆمەلایەتی، لە رێگەی دەستنیشانکردنی رەهەند و ئاڵنگارییەکانی بەردەم ئەم پرۆسەیە دەکرێ چارەسەری گونجاو بۆ ئەو بەربەستانە

بدۆزرێتەوە. لەم چوارچێوەیەدا ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بەو ئاراستەیە، کە بتوانێت یارمەتی پارتە سیاسیەکان و دروستکەرانی بڕیار بدات بۆ دەستنیشانکردن و دانانی سیاسەتێك بۆ پەرەپێدانی ئینتیمای نیشتمانی لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون.

سێیەم: ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژیەوەیە بریتیە لە دەستنیشانکردنی چەمکی ئینتیمای نیشتمانی لە ناوخۆیی هەرێمی کوردستان، هەروەها دیاریکردنی فاکتەرە سیاسی و کولتوری و کۆمەلایەتییەکان کە یارمەتیدەرن لە دروست کردنی ئەم ئینتمایە، بە لەبەرچاوگرتنی ئاڵنگارییەکانی بەردەم پەرەسەندنی ئینتیمای نیشتمانی لە ئاستی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان.

چوارەم: کێشەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە هەڵدەستێت بەگەڕان بە دوای ئەو ئارگومێنت و گفتوگۆیەی کە چۆن پرسی ئینتیمای نیشتیمانی لە هەرێمی کوردستان لە دوای 2005 لەسەر ئاستی خەڵک و لەسەر ئاستی پرسە سیاسییەکان و پڕۆسەی حوکمڕانی کێشەی بۆ دروست بووە بەهۆی ئەو ئاڵنگاریانەی هاتونەتە بەردەمی، هەر بۆیە لێرەدا چەندی پرسیار لەبارەی ئەم پرسەوە دێتە گەڵاڵە دەبێت. کە پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە (گرنگترین ئەو ئاڵنگارییە سیاسی و کۆمەڵاتی وکولتورییانە چین کە دەبنە هۆکاری سەرەکی لەبەردەم پەرەپێدانی ئینتیمای نیشتمانی لەسەر ئاستی ناوخۆیی لە هەرێمی کوردستان دوای سالی 2005، وچۆن بنەما حزبیی ودامەزراوەییەکان لە لاوازکردنی یاخود پەرەپێدانی ئەم ئینتیمایە بەشدران؟

لە پال ئەم پرسیارە سەرەکیە، دەکرێ وەڵامی ئەم پرسیارە لاوکیانەش بدرێتەوە:

- کاریگەری ئەو فاکتەرە سیاسیانەی وەکو (دابەشبوونە حزبیەکان و پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر وبەغدا) چین لەسەر ئینتیمای نیشتمانی؟

- ڕۆڵی فاکتەرە کۆمەلایەتی وکولتورییەکانی وەکو (ناسنامەی کوردی و ناسنامە لاوەکیەکانی دیکە) لە پەرەپێدانی یاخود لاواز کردنی ئینتمای نیشتمانی چین؟

- ئاڵنگارییە ئابوری وئاسایشییەکان لە سەر هەستی ئینتیما لە لای هاوڵاتیانی هەرێم چین؟

پێنجەم: گریمانەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە گریمانەی ئەوە دەکات کە ململانێی حزبی، نادادپەروەری ئابوری و کۆمەڵایەتی، ڕەچاونەکردنی بەرژەوەندی هاوبەشی لایەنەکان لە هەرێمی کوردستان، نەبوونی گوتارێکی یەکگرتوو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسە سیاسییەکان، زاڵبوونی هەستی حزبی و خێڵەکی، گرنگترین ئالنگارین لەبەردەم پەرەپێدان و گەشەکردنی ئینتیمای نیشتمانی لە هەرێمی کوردستاندا.

شەشەم: میتۆدی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لە بنەڕەتدا توێژینەوەیەکی چۆنێتیە (qualitative)، پشت دەبەستێت بە میتۆدی وەسفی- شیکاری بە مەبەستی تیگەیشتن و شیکارکردنی دیاردە سیاسییەکان واقعیی سیاسی و کۆمەلایەتی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان، دواتریش شیکاری کردنی ئەو زانیاری و ڕووداوانەی کە پەیوەستن بە ناسنامە و ئینتیمای نیشمانی و ئاڵنگارییەکانی لە هەرێمی کوردستان.

میتۆدی وەسفی خۆی لە خستنەرووی ئاستی ئینتیمانی نیشتمانی بەکار دەهێنرێت کە لە هەرێمی کوردستاندا بوونی هەیە لە دوای 2005، ودیاری کردنی سروشتی ئەو ئاڵنگاریانە کە رووبەرووی پەرەپێدانی ئینتیمانی نیشتمانی دەبێتەوە، لە پاڵ ئەمە کار دەکرێت لە ڕێگەی میتۆدی شیکاریەوە پەنجەبخرێتە سەر ئەو هۆکارانە کە بونەتە هۆی سەرهەڵدانی ئەو ئاڵنگاریانە، وشیکردنەوەی کاریگەریی فاکتەرە سیاسی ودامەزراوەیی وکۆمەلایەتی وکولتورییەکانی ئەم چوارچێوەیە. جگە

لەمە میتۆدی مێژووییش بە مەبەستی تێگەیشتن لە پەرەسەندنی چەمکی ئینتیمای نیشتمانی سودی لێ دەبینرێت لە پاش ساڵی 2005.

**حەوتەم: پێکهاتەی توێژینەوە**

توێژینەوەکە لە پێشەکی و دەرەنجام و سێ بەش پێکدێت، لە بەشی یەکەم باسی چوارچێوەی تیۆری چەمکە بنەڕەتییەکانی توێژینەوەکە دەکرێت، وەک چەمك و پێناسەی ئینتیمای نیشتمانی و هاوڵاتیبوون و ناسنامەی نیشتیمانی، لە بەشی دووەمدا باسی رەهەند وبنەماکانی ئینتیمای نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان دەکرێت، هەرچی بەشی سێیەمە ئەوە تایبەت کراوە بە دەستنیشانکردنی ئاڵنگارییەکانی بەردەم گەشەکردنی ئینتیمای نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان؛ لە کۆتایشدا دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە خراونەتەروو.

## ١. چوارچێوەی تیۆریی و چەمکە بنەرەتییەکان

### ١.١ چوارچێوەی تیۆریی (Theoretical Framework)

**کۆنستراکتڤیزم – بونیادگەرایی (Constructivism) وەك چوارچیوەیەکی تیۆری بۆ تێگەیشتن لە پەرەپێدانی ئینتیمای نیشتمانی**

بەرەچاوکردنی پرسی ئینتیمای نیشتمانی وەك پرسێك بۆ پارتە سیاسییەکان، دەتوانین بڵێین کە تیۆری کۆنستراکتیڤیزم (بونیادگەرایی) دەتوانێت چوارچێوەیەکی تیۆری گونجاو دابین بکات بۆ شیکردنەوەی ئەوەی کە چۆن لایەنە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق دەتوانن پەرە بە ئینتیمای نیشتمانی بدەن، لە هەمان کاتیشدا یارمەتیدەرە بۆ دیاریکردنی ئاڵنگارییەکان. بونیادگەرایی ڕەگ و ڕیشەی لەو بیرۆکەیە سەرچاوە دەگرێت "کە ناسنامە و نۆرم و بیرۆکەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بنیات نراون نەک لە بنەڕەتدا بونیان هەبێت یان دارێژرابن"[1]. واتا ئەوە واقعی کۆمەڵایەتی و سیاسییە کە ماناو و فۆڕم دەدات بە بیرۆکە و پرسەکان. بونیادگەرایی جەخت لەسەر گرنگی بەها و ناسنامە و بیرۆکەکان دەکاتەوە لە داڕشتنی واقیعە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان.

### ٢.١ بنەما سەرەکییەکانی تیۆری کۆنستراکتیڤیزم - بونیادگەرایی (Constructivism)

بونیادگەرایی، وەک لەلایەن (ئەلێکساندەر وێندت)ەوە ئاماژەی پێکراوە، پێی وایە کە پێکهاتەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی نەک تەنها بە هۆکارە مادییەکان، بەڵکو بە بیرۆکە و بەهاو بیروباوەڕی هاوبەش پێناسە دەکرێن، جەختکردنەوەی وێندت کە دەڵێت "ئەنارکی ئەوەیە کە دەوڵەتەکان لە پێناوی دروست دەبن- Anarchy is what states make of it " جەخت لەسەر نەرم و نیانبوونی ناسنامە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەکاتەوە کە لەسەر بنەمای کارلێککردن و تێگەیشتنی هاوبەش دامەزراوە. لە چوارچێوەی بنیاتنانی نەتەوەدا، بونیادگەرایی تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە چۆن ئەکتەرە سیاسییەکان، ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕن لە بنیاتنانەوە و پێشخستنی ناسنامەی بەکۆمەڵدا. زمان، کەش وهەوا بە کۆمەڵەکان، چوارچێوە دامەزراوەییەکان، هێزە کاریگەرەکان وەک کاراکتەری سەرەکین لە بە کۆمەڵایەتیکردن و هاندان (socialization and mobilization)، پێگەیەکی ناوازەیان هەیە بۆ پێناسەکردن و بڵاوکردنەوەی گوتاری ئینتیمای نیشتمانی[2].

تیۆری بونیادگەرایی بە شێوەیەکی گشتی لە چوارچێوەی ناسنامەی نیشتمانیەوە بە سێ شێواز پێکدەهێندرێت، کە بریتین لە کارلێکە سێمبۆلیەکانی وەکو زمان و بۆنە بە کۆمەڵەکانی وەکو جەژنی نەورۆز. دووەم بریتیە لە چوارچێوەی

[1] Wendt, Alexander. *Social Theory of International Politics.* Cambridge University Press, 1999. p.111-120.

[2] Wendt, Alexander. Ibid, p.111-120.

دامەزراوەییەکانی وەکو دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ و پرۆگرامەکانی خوێندن، ئەوەی سێیەمیش پێکدێت لە هێزە کاریگەرەکانی وەکو دەستەبژێری سیاسی و کۆمەڵگای مەدەنی. بۆیە لە چوارچێوەی ئەم تیۆرە دەکرێت بابەتی ئینتمای نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە شیکردنەوەی بۆ بکرێت:

أ. رووە مێژووییەکە، بەتایبەت قۆناغەکانی پێش ساڵی ٢٠٠٣ پێویستە ئاماژەیان پێ بکرێت، وەکو هەوڵەکانی لە ناوبردنی ناسنامەی کورد وەکو ئەنفال و کیماباران کردنی هەلەبجە، هەروەها باشترە تیشک بخرێتە سەر قۆناغی دوای ساڵی ٢٠٠٥، چونکە هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی فیدراڵی بە پێی دەستوری ٢٠٠٥ دانی پێدانرا.

ب. پێگە و بەخێوکەرە کۆمەلایەتییەکان، سەرەتای ئەم خاڵە بە بنەماڵە واتا خێزانەوە دەست پێ دەکات، چونکە گرنکترین سەرچاوەی پێگەیاندنی مرۆڤ بنەماڵەکەیەتی، بە تایبەت لە رووی بە بیرهێنانەوەی بەردەوام بۆ ئەو مەینەتیانەی کە رووبەرووی هەرێمی کوردستان بویتەوە وەکو شاڵاوەکانی ئەنفال، لەپاڵ ئەمە خاڵێکی دیکە هەیە ئەویش بریتیە لە راگەیاندن، کەناڵەکانی راگەیاند رۆڵ وپێگەی گرنگیان هەیە وەکو پێگەینەرێکی کۆمەلایەتی بە مەرجی ئەوەی ستراتیژ و دید و بۆچوونێکی تەندورستی هەبێت.

جـ. فاکتەرە دەرەکیەکانیش بە یەکێکی دیکە لەو خاڵانە دادەنرێت کە لە رێگەیەوە دەکرێت ئینتمانی نیشتمانی شرۆڤەی بۆ بکرێت. دەستوەردانی بەردەوامی ئێران و تورکیا لە کاروباری عێراق و هەرێمی کوردستان دەکرێت ببێتە خاڵێکی گرنگ بۆ شیکردنەوە و شرۆڤە کردنی بابەتی ئینتمای نیشتمانی.

### ٣.١. چەمکە بنەرەتییەکانی پەیوەندار بە ئینتیمای نیشتمانی

لە چوارچێوەی ئەم بابەتەدا چەند چەمکێکمان هەیە کە راستەوخۆ پەیوەندیدارن بە ناونیشانی بابەتەکە، بۆیە پێویستە بخرێنەروو بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی تەندروست بتوانین خاڵە بنەرەتییەکانی ناونیشانی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی ئامادە بکەین. بۆیە لێرە هەوڵ دەدەین ئاماژە بە چەند چەمکێکی سەرەکی بدەین.

#### ١.٣.١. چەمك و پێناسەی ئینتیمای نیشتمانی

بۆ تێگەیشتین لە چەمکی ئینتیمای نیشتمانی پێویستە سەرەتا لە مانای چەمکی ئینتیما بگەین کە دەتوانین بەو شێوەیەی خوارەوە بیناسێنین:

ئینتیما بریتییە لەو حاڵەتەی کە هەستی مرۆڤ پەیوەست دەکات بە گروپێك، هەروەها پەیوەندییەکی کەسی هەستیاری باشە کە تاك لەگەڵ کەسانی دیکە یان گروپێکدا دروستی دەکات، واتا پەیوەست بوون بە پرسێك یان شتێك یان ئایدۆلۆژیایەك[1]. هەرچی چەمکی ئینتیمای نیشتمانییە، بریتییە لەو حاڵەتەی هەستی مرۆڤ پەیوەست دەکات بە نیشتمان، هەروەها پێکهێنانی پەیوەندییەکی باشە لەگەڵ نیشتمان و پەیوەندییەکی بەهێزە کە ئێمە بە نیشتمانەوە دەبەستێتەوە، تا گەیشتن بە بەرزترین ئاستی دڵسۆزی بۆ نیشتمان[2].

---

[1] بشار طميزي، بحث عن الانتماء للوطن، موقع موضوع، (مارس 2020). متاح على: https://mawdoo3.com/%D8%A8%D8%AD%D8%AB_%D8%B9%D9%86_%D8%A7%D9%84%D8%A7%D9%86%D8%AA%D9%85%D8%A7%D8%A1_%D9%84%D9%84%D9%88%D8%B7%D9%86 (تاريخ الاطلاع: 4 كانون الاول 2024).

[2] عبد الرحمن بن عبيد الرفدي، الانتماء الوطن ضرورة فطرية وحقيقة شرعي، مجلة العلوم الشرعية واللغة العربية، عدد: السابع عشر، 2024/5/9، ص 415. متاح على: https://jias.psau.edu.sa/sitesuploads/jias/2024-05/9-%D8%A7%D9%84%D8%A7%D9%86%D8%AA%D9%85%D8%A7%D8%A1%20%D8%A7%D9%84%D9%88%D8%B7%D9%86%D9%8A%20%D8%B6%D8%B1%D9%88%D8%B1%D8%A9%20%D9%81%D8%B7%D8%B1%D9%8A%D8%A9%D8%8C%20%D9%88%D8%AD%D9%82%D9%8A%D9%82%D8%A9%20%D8%B4%D8%B1%D8%B9%D9%8A%D8%A9.pdf (تاريخ الاطلاع: 4 كانون الاول 2024).

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

پێناسەکان لەبارەی ئینتیمای نیشتمانی جۆراوجۆرن بەڵام لێرەدا هەوڵ دەدەین پێناسەیەکی گشتگیر بخەینە روو:
ئینتیمای نیشتمانی "ئەو ڕەفتارانەیە کە گوزارشت لە پابەندبوونی تاك دەکات بەو بەها نەتەوەییانەی کە لە کۆمەڵگاکەیدا زاڵن، وەك شانازیکردن بە هێما و سیمبوڵە نەتەوەییەکان، پابەندبوون بە یاسا و ڕێسا باوەکان، پاراستنی سامان و موڵك و ماڵی میللەت، هاندانی بەرهەمهێنانی بەرهەمە نیشتمانییەکان، پابەندبوون بە داب و نەریت و مێژوو پرسە نەتەوەییەکان، هەروەها ئامادەیی بۆ بەشداریکردن لە کاری خۆبەخشانە و بۆنە نیشتمانییەکان، پاراستنی ژینگەو بەرگریکردن لە نیشتمان"[1].
بە گشتی دەکرێ ئەمە بخەینەڕوو کە بەزۆری ئەو تێگەیشتنە بۆ ئینتیما هەیە کە دوو لایەن لە خۆ دەگرێت: خۆرسک (بنەرەت) و بەدەستهێنراو، بەم شێوەیە لە دەرئەنجامی کارلێکی نێوان ئەوەی بەدەستهێنراوە و ئەوەی خۆرسکە هەستی ئینتیمای نیشتمانی لە تاکدا بەدەست دەهێنرێت[2].

**٢.٣.١. چەمک و پێناسەی ناسنامەی نیشتمانی**

ناسنامەی نیشتمانی (National Identity) ئەو کاتە لە دایک بوو کە چەمکی نەتەوە بە مانا ئەمڕۆییەکەی هاتە ئاراوە هەروەها ناسنامەی نیشتمانی، دیاردەیەکی مۆدێرنە کە لەسەر گریمانەی هەبوونی بزاوتێکی ناسیۆنالیستی و هۆشیاری نەتەوەیی دامەزراوە، دوای سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم، ناسنامەکان بە قەبارەی نەتەوەیی پێناسە دەکرێن. کەواتە بۆ بەدیهاتنی ناسنامەی نەتەوەیی، دەبێ ئەندامانی نەتەوەیەك خۆیان بە دامەزرانەرانی نەتەوە و دواتر ناسنامەیەکی هاوبەش بزانن[3].
"ئیرنێست ڕینان"[4] فەیلەسووف و مێژووناسی فەرەنسی باس لەوە دەکات، ناسنامەی نیشتمانی، لەسەر بنەمای نیشتمانی هاوبەش، زمان و کولتووری هاوبەش، ئایینی هاوبەش، مێژووی هاوبەش، ویستی هاوبەش و پرەنسیپی سیاسی و یاسایی هاوبەش پێناسە دەکرێت[5].
ناسنامەی نەتەوەیی دەبێت ناسنامەی خێڵ وناوچەیی تێپەڕێنێت و ڕێگا نادات ئایدۆلۆژیا وتەنانەت مەزهەبیش ئەرکی زیاد لەپێویست لە ئەستۆ بگرن وسنووریان بەرفراوان بکرێ و لە پێکهێنەری ناسنامەوە بگۆڕدرێن بۆ شوناس و نەتەوەیەکی پێ بناسرێت. لەساڵی ١٩٩١دا ئەنتۆنی سمیث زانای کۆمەڵناسی و زانستە سیاسییەکانی بەریتانیا پێنج توخمی تارادەیەك جیاوازی بۆ دروست بوونی ناسنامەی نەتەوەیی ناو برد کە بریتی بوون لە نیشتمان یان قەڵەمڕەوەی مێژوویی، پەندو بیرەوەری مێژووی هاوبەش، کولتوورو ئابووری هاوبەش، مافی هاوبەش ودانپێدانراو لەیاسادا و ئەرکی ئەندامان. بەپێی تیۆری ئەنتۆنی سمیث

---

(1) بدر علي العبدالقادر، الانـتماء إلى الـوطن وأثـره في حمايـة الـشباب مـن الانحراف، المجلد الخامس، عدد و التاريخ: 11-12/ يناير 2018، ص1563. متاح على: https://rb.gy/vopcrj (تاريخ الاطلاع: 4 كانون الاول 2024).
(2) بدر علي العبدالقادر، المصدر نفسه.
(3) فەرهەنگی زانستی سیاسی کوردی، شوناس، bradost – وشەدان. بەردەستە لە: https://rb.gy/cp6aga (ڕێکەوتی سەردان: ٢٦ی شوبات ٢٠٢٥).
(4) ئیرنێست ڕینان (Ernest Renan) 1823-1892: بیرمەند وفەیلەسوف ومێژوونووسێکی فەرەنسی بوو، بە بەشدارییە گرنگ و کاریگەرییەکانی لە توێژینەوە مێژوویی وفەلەسەفی وئاینییەکان و بە بیرۆکەی کارە سەرەنج ڕاکێشەکانی لە سەر نەتەوە و ناسنامەی نەتەوەیی ناسراوە. هەرچەندە ڕینان ڕاستەوخۆ ئاماژەی بە چەمکی ناسنامەی نیشتمانی بەم شێوەیە هاوچەرخەی ئێستا نەداوە، بەڵام لە کتێبەکەی بە ناونیشانی (ما الامة – ?Qu`est-ce qu`une nation) کە بریتیە لە موحازەرەیەکی بەناوبانگ لە بارەی پێناسە کردنی ئۆمەت بە شێوەیەکی جیاواز تێروانینی بۆ نەتەوە وناسنامە خستۆتەروو، ئەم بەرهەمە بە یەکێك لە دەقە دامەزرێنەرەکانی چەمکی (ناسنامەی نیشتمانی هاوچەرخ دادەنرێت).
(5) Ernest RENAN, “What is a Nation?”, text of a conference delivered at the Sorbonne on March 11th, 1882, p.1-11. Available at: http://ucparis.fr/files/9313/6549/9943/What_is_a_Nation.pdf (Accessed: 12 June 2025).

ئەبێ بیرۆکەی ناسیۆنالیزم ببێتە هۆی پرۆگرامێکی سیاسی وا کە خۆبەڕێوەبەری (خۆسەری) نەتەوەیی، یەکگرتوویی نەتەوەیی، ناسنامەی نەتەوەیی لێ دروست بێت[1].

کەواتە ناسنامەی نیشتمانی بریتییە لە هەبوونی مێژوو و کولتوور و جوگرافیا و ویستی هاوبەش و ئینتیمای نیشتمانی نەتەوەیەك، کە هەموو ئەندامانی ئەو نەتەوەیە کۆدەکاتەوە لەژێر یەك بەها و پرنسیپ و داب و نەریت و ئایدۆلۆجیای هاوبەش، ئا لێرەشدا ئینتیمای نیشتمانی لە دایك دەبێت.

**٣.٣.١. چەمکی هاوڵاتیبوون لە زمان و زاراوەدا**

وشەی "هاوڵاتیبوون" (citizenship) لە فەرهەنگە عەرەبییەکاندا بە واتای ئەو شوێنە دێت کە تیایدا نیشتەجێیە و لە هەمان کاتدا تیایدا لە دایك بووە، بەڵام چەمکی "هاوڵاتیبوون" لە فەرهەنگەکانی عیبریدا مەبەست لێی نیشاندانی ماف و ئەرکەکانی هاوولاتییە لە چوارچێوەی جیوگرافیایەك یان وڵاتەکەیدا کە هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەیە کە تێیدا لەدایك بووە[2].

هاوڵاتیبوون بەوە جیا دەکرێتەوە, کە جۆرێکی تایبەتی دڵسۆزی هاوڵاتییە بۆ وڵاتەکەی و خزمەتکردنی لە کاتی ئاشتی و شەڕدا، و هاوکاری لەگەڵ هاووڵاتیانی تر لە ڕێگەی کاری فەرمی و خۆبەخشانەی دامەزراوەیی و تاکەکەسی بە مەبەستی گەیشتن بەو ئامانجانەی کە هەمووان هەوڵی بۆ دەدەن[3].

هاوڵاتیبوون بە شێوەیەکی گشتی پەیوەستە بەو شوێنەی یان خاکەی (ئینجا چ وڵات بێت یان جیۆگرافیا) کە تاك لێی نیشتەجێ دەبێت بەشێوەیەکی جێگیر وملکەچی ئەو یاسایانە دەبێت کە لەلایەن دەوڵەتەوە دەرکراون، بە یەکسانی لەگەڵ هاووڵاتیانی تر بەبێ هیچ جۆرە جیاکارییەك وەك ڕەنگ یان زمان، بۆ نموونە کۆمەڵێك مافی پێدەدرێت لە بەرامبەردا پابەندە بە ئەنجامدانی کۆمەڵێك ئەرك لەو شوێنەی کە پێوەی وابەستەیە یان لێی نیشتەجێیە، ئەمەش هەستی ئینتیما بۆ ئەو هاوڵاتیە دروست دەکات[4].

ئینسکلۆپیدیای بەریتانی ئاماژە بەوە دەدات کە هاووڵاتیبوون "پەیوەندییەکە لە نێوان تاك و دەوڵەتێك هەروەك ئەوەی لە یاسای ئەو دەوڵەتەدا دیاری کراوە، لەوانەش پلەیەک لە ئازادی و ئەو بەرپرسیارێتیانەی کە خاوەندارێتی دەکەن، هاوڵاتیبوون بە گشتی مافی سیاسی بە هاووڵاتی دەبەخشێت، وەك مافی دەنگدان و هەڵگرتنی پۆستی گشتی"[5]. واتا هاوڵاتیبوون بریتییە لە ئەندامێتیەکی تەواو لە دەوڵەتێك یان لە هەندێك یەکەی حکومیدا، بەجۆرێك جیاوازی ناکات لە نێوان هاوڵاتی لەسەر بنەمای نەتەوە یان ئایین و مەزهەب، وەک ئەوەی لە ئینسکلۆپیدیای بەریتانی کە پێشتر باسمان کرد

---

(1) وەرگیراوە لە سەعید سەیدی، شوناس و شوناسی نەتەوەیی، peyserpress، بەرواری بڵاوکردنەوە: 2019/12/17. بەردەستە لە : https://www.peyserpress.com/detail/4177 ( ڕێکەوتی سەردانیکردن: ١٠ی ئازار٢٠٢٥).

(2) مجید جاسم، مفهوم المواطنة في اللغة والاصطلاح، الناشر: جامعة الانبار، بدون تاريخ. متاح على: https://www.uoanbar.edu.iq/eStoreImages/Bank/14122.pdf ( تاريخ الاطلاع: ٦ی کانونی دووەم ٢٠٢٥).

(3) ثائر رحيم كاظم، العولمة والمواطنة والهوية، مجلة القادسية في الأداب والعلوم التربوية، العدد ١، التاريخ (٢٠٠٩)، ص 256. متاح على: https://www.gcedclearinghouse.org/sites/default/files/resources/190475ara.pdf ( تاریخ الاطلاع: ٦ی کانونی دووەم ٢٠٢٥).

(4) مجید جاسم، مفهوم المواطنة في اللغة والاصطلاح، المصدر السابق.

(5) اقتبست من نورا عبەجي، مفهوم المواطنة - The Concept of Citizenship، موقع الموسوعة السياسية، تاريخ النشر: 04-06-2023. متاح على: https://political-encyclopedia.org/dictionary/%D9%85%D9%81%D9%87%D9%88%D9%85%20%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%88%D8%A7%D8%B7%D9%86%D8%A9#google_vignette (تاريخ الاطلاع: 12 كانون الثاني 2025).

ئاماژەی پێدراوە، کە هاوڵاتیان مافی خۆیان هەیە، وەک مافی دەنگدان و مافی وەرگرتنی پۆستی گشتی، هەروەها لە بەرانبەردا ئەرکیان هەیە، وەک ئەرکی باجدان و بەرگریکردن لە وڵاتەکەیان[1].

شۆڕشی فەڕەنسا بە یەکێک لە شۆڕشە گرنگەکان دادەنرێت کە لە ئەوروپا سەریهەڵدا و لەگەڵیدا چەمکی هاووڵاتیبوون شایەتی پێشکەوتنێکی گرنگ بوو، هەروەها لەگەڵ کولتووری کۆن و سیستەمی دەرەبەگایەتی پچڕانی دروستکرد. بەم هۆیە بەیاننامەی مافی مرۆڤ و هاووڵاتی لە ساڵی 1789 دەرچوو. کەواتە چەمکی هاووڵاتیبوون مافە مەدەنی و سیاسییەکان و مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی لەخۆگرتبوو، لەگەڵ پەسەندکردنی بنەمای یەکسانی لەبەردەم یاسادا، و بەدەرنەکردنی کەمینەکان یان هەر گروپێک لە کۆمەڵگادا. هاوکات فەیلەسوفە ڕۆشنگەرییەکان چەمکە سیاسییەکانیان بە زاراوەی نوێ دەوڵەمەندتر کرد، وەک (کۆمەڵگەی مەدەنی)، (ڕای گشتی)، و (سەروەری نەتەوەیی)، کە بەشداربوون لە فراوانکردنی چەمکی هاووڵاتیبوون، بۆ ئەوەی ئەو ڕۆڵە جۆراوجۆرانە بگرێتەخۆ کە هاووڵاتی دەتوانێت بیگێڕێت و هەموو ئەو بوارانەی تر کە پەیوەندییان بە ژیانیانەوە هەیە[2].

لەگەڵ پەرەسەندنی دیموکراسی، ئەو مافانەی کە هاووڵاتی پێی دەبەخشرێت، وەک بەشداریکردن لە ژیانی سیاسی و بڕیاردان، پەیوەست بوون بە ئازادی دامەزراندنی حزب و یەکێتی و کۆمەڵەی مەدەنی و ئازادی ئینتیما بۆی، و بەشداریکردن لە ڕێگەی ئەو دامەزراوانەوە لە پێکهێنانی ڕای گشتی و ئاراستەکردنیاندا. لێرەدا پەیوەندییەکی نزیک لە نێوان هاوڵاتیبوون و دیموکراسیدا هەیە، هاوڵاتیبوون فەراهەم نابێت بە بێ بنەماکانی سیستەمێکی دیموکراسی، کە لە بنەڕەتدا لەو دەسەڵاتە پێک دێت کە لە خەڵکەوە سەرچاوەی گرتووە، زامنی ئازادییەکانی تاک و کۆمەڵ و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ دەکات. بەم شێوەیە دەگەینە ئەوەی پەیوەندی نێوان هاووڵاتیبوون و هاونیشتمانی و نیشتمان تەنیا لە ڕووی زمانەوانیدا سنووردار نییە، بەڵکوو درێژدەبێتەوە بۆ پەیوەندییەکی نزیک لە ناوەڕۆکدا، کە هیچ بوارێک نییە بۆ بەرجەستەکردنی چەمکی هاووڵاتیبوون لەگەڵ ئەوەی کە واتای بەشداریکردنە بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی و بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە نیشتمان، بۆیە هاوڵاتیبوون بەبێ ئینتیما بوون هیچ هاونیشتیمانێک بەبێ دڵسۆزی بۆ نیشتمان بوونی نابێت[3].

## ٢. ڕەهەند وبنەماکانی ئینتیمای نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان

لەم باسەدا هەوڵدەدەین ڕەهەندو بنەماکانی ئینتیمای نیشتمانی لە هەرێمی کوردستاندا دیاری بکەین، بەو واتایەی ئایا پرسی ئینتیمای نیشتمانی بە تایبەت لە پرسی هاولاتیبوون و ناسنامەی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستاندا چی دەگەیەنێت. بۆ ئەم مەبەستە، ئەم باسە دابەشی دوو تەوەری سەرەکی دەکەین:

### ١.٢. ڕەهەندەکانی ئینتیمای نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان

ڕەهەندەکانی ئینتیمای نیشتمان لە هەر کۆمەڵگەیەک جیاوازە وبە پێی تایبەتمەندییە سیاسیی، کۆمەلایەتی ومێژووییەکانیەوە ئەم جیاوازیانە دەردەکەوێت، هەرێمی کوردستانیش بەدەر نییە لەمە و تیایدا ڕەهەندەکانی ئینتیمای نیشتمانی تایبەت بە خۆیەتی، لەم چوارچێوەیەدا هەوڵ دەدەین ئاماژە بە گرنکترین ڕەهەندەکانی ئینتیمانی نیشتمانی بدەین لە هەرێمی کوردستان.

#### ١. ڕەهەندی ناسنامە (Identity)

---

[1] نورا عبەجي ، المصدر نفسە.

[2] عبد القادر العلمي، المواطنة مفهومها ومقوماتها، موقع مشاهد 24، تاريخ النشر: 2015/6/25. متاح على: https://machahid24.com/etudes/74521.html (تاريخ الاطلاع: 14 كانون الثاني 2025).

[3] عبد القادر العلمي، المصدر نفسە.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

دیارە بەشێوەیەکی سەرەکی، ئینتیما بەدوای چەسپاندنی ناسنامەکەیدا دەگەڕێت، کە لە بەرامبەردا بەڵگەیە لەسەر بوونی. لێرەوە هەندێک جار ڕەفتاری سیاسی تاکەکان وەک نیشاندەری ناسنامە دەردەکەوێت، ئیتر بەم شیوەیە ئینتیما بە گشت ڕەهەندەکانییەوە سەرهەڵدەدات[1].

دەکرێت ئاماژە بەوە بدەین کە ئەم ڕەهەندە ڕەهەندێکی سیاسییە لە هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەوەی ناسنامەی سیاسی لە زۆربەی حالەتەکاندا دۆخێکی دوانەیی (مزدوج) هەیە، واتە لە لایەک ناسنامەیەک کە گوزارشت لە ناسنامەی دەوڵەتی عێراق دەکات، کە بە یاساو دستور هەرێمی کوردستان پەیوەست کراوە بەو ناسنامەیە، لە لایەکی تریش ناسنامەیەکی نەتەوەیی هەیە کە ناسنامەی نەتەوە یان کوردبوون، یان کوردستانیە. ئەمە هەندێک جار جۆرێك لە کێشە دروست دەکات بۆ پرسی ئینتیمای نیشتمانی لە نێوان کوردستانیبوون و عێراقیبوون، بە تایبەت لە دوای پرسی ریفراندۆم جۆرێک لە جەمسەربەندی دروستبووە لەسەر ئەم پرسە لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا. بەشیکیان عێراقیبوونیش وەک ئینتیما دەبینن، لە بەرامبەر ئینتیما بۆ هەرێمی کوردستان.

٢. ڕەهەندی دەستەجەمعی (Collectivism)

پەیوەندییە بەکۆمەڵەکان جەخت لەسەر مەیلی دەستەجەمعی دەکەنەوە و بە یەکگرتنی تاکەکان لەگەڵ ئامانجی گشتی ئەو کۆمەڵەیە، ئەوە دەردەکەوێت کە سەر بەو گروپە یان کۆمەڵەیەن. ڕەهەندی دەستەجەمعی یان پێکەوەیی مەیلی بەرەو خۆشەویستی، کارلێککردن و بەکۆمەڵایەتی بوون بەرز دەکاتەوە، کە هەموو ئەمانە بە جۆرێک لە جۆرەکان دواجار بەشدارن لە بەهێزکردن و پتەوکردنی ئینتیمای نیشتمانی[2].

دووبارە دەبێت ئەوە بخەینە ڕوو کە پرسی ناسنامە لە هەرێمی کوردستان لەم ڕەهەندەش زەق دەبێتەوە بەگوێرەی ئەوەی تاکەکانی خاوەن یەک ناسنامە لەیەکتر نزیکدەکاتەوە ڕەهەندێکی بە کۆمەڵ یان دەستەجەمعی گەورە دروست دەکەن کاتێک ئەم کۆمەڵگەراییە دروستبوو بە گروتینێکی بەهێز ئینتیمایان بۆ خاک و نیشتیمان دەپارێزن. بەهۆکاری ئەوەی ناسنامەی نیشتمانی کوردستانی بوونە و ناسنامەکەی تر بە حوکمی ئەوەی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقدان دەوڵەت بەسەری سەپاندوون، کە ئەویش ناسنامەی عێراقی بوونە. لە هەمان کاتدا فرچەشنی نیۆخۆیی کۆمەڵگای کوردی، واتە پێکهاتەکان نەبۆتە بەربەست لەبەردەم ئینتیمای نیشتمانی بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵکو وایکردووە ئەوانیش پەیڕەو لە گوتارێکی نیشتمانی بکەن کە سەرجەمیان لە ژێر چەتری هەرێمی کوردستاندا کۆبکاتەوە. چونکە فەرامۆش کردنی پێکهاتەیەک لە لایەن دەسەڵات و حزبە سیاسییەکانەوە، دەبێتە هۆکاری لاوازبوونی ئینتیمای نیشتمانی. ئەمە لە هەرێمی کوردستاندا تا ئێستا کاریگەری نەرێنی نەبووە لەسەر رەهەند و بنەماکانی ئینتیمای نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان.

٣. دڵسۆزی (Loyalty)

دڵسۆزی جەوهەری پابەندبوونە، پشتگیری لە ناسنامەکەی دەکات، بەکۆمەڵگەرایی بەهێز دەکات، سەرنج دەخاتە سەر یەکسانی، داوای پشتگیری تاک دەکات بۆ گروپەکەی و ئاماژە بە ڕادەی ئینتیما دەکات. هەروەها ئەو بناغە بەهێزەیە کە پشگیری لە پاراستنی ناسنامە دەکات[3].

دلسۆزی تاکی کوردستانی بۆ نیشتیمانەکەی لە هاوبەشی ئەرک و لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی دەست پێدەکات هەروەها هەبوونی بنەمای یەکسانی لەنێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە ڕاپەراندنی ئەرکەکانیان، ڕێزگرتن لە پێکهاتەکانی

---

[1] صلاح الدين محمد حسينى، استخدام أسلوب الجودة الشاملة لتفعيل دور الجامعة فى تعزيز الانتماء لدى الطلاب بمصر، كلية التربية النوعية – جامعة بنها، ص ١٤، موقع جامعة بنها. متاح على:
https://bu.edu.eg/portal/index.php?act=61&pub_id=21531&username=salaheldinibrahim10 (18 تموز 2025).

[2] صلاح الدين محمد حسينى،ص15، المصدر نفسه.

[3] د. صلاح الدين محمد حسينى،ص15، المصدر نفسه.

تر واتە ڕێزگرتنی فرەیی. ئەم دلسۆزییە سەرەرای ئاڵنگارییەکانی کە لە باسی دووەمدا زیاتر لەسەری دەوستین، بەڵام کە دێتە سەر پرسە نیشتمانییەکان ئامادەیی هەیە. بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێن کە پرسی دڵسۆزی بوون بۆ پرسە نیشتمانییەکان زیانی زۆری بەرکەوتووە، بە تایبەت بە هۆکاری ململانێی پارتە سیاسییەکان گوشارەکانی بەغدا لەسەر هەرێمی و کوردستان و پرسی گەندەڵی، ئەمە وایکردووە ئەو چەمکانە لە راستیدا گشتیان جێگای سەرنجبن تا ئاستی مەترسی لەسەر پرسی ئینتیمای نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان.

٤. پابەندبوون (Obligation)

پابەندبوونە بە سیستەم و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان. بەکۆمەڵگەرایی جەخت لەسەر هاوئاهەنگی و ڕێککەوتن و کۆدەنگی دەکاتەوە. بۆیە گوشارێکی کاریگەر بەرەو پابەندبوون بە ستانداردی گروپەکان بۆ ئەگەری قبوڵکردن و ملکەچبوون، ئەوا وەک میکانیزمێکی سەرەکی بۆ گەیشتن بە کۆدەنگی و دوورکەوتنەوە لە ململانێ دروست دەکات[1].

کوردستانیان لە هەرێمی کوردستان جۆرێک لە پابەندبوونیان هەیە بەرانبەر کولتوور و مێژوو زمان و بەها سیاسیە هاوبەشەکان، هەرچەندە لەم دوایانە لەکاتی ململانێی نیوان لایەنە سیاسییەکان هەندێک جار ئەو پابەندبوونە بە بەهای کولتووری و مێژوویی و سیاسی زیانیان بەرکەوتووە، بەڵام دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە ئاستی پایەندبوون بە ڕێژەیەکی بەرچاو بوونی هەیە و هەستی پێ دەکرێت، چونکە ئەگەر ئەم پابەندبوونە نەبوایە، هەرێمی کوردستان تا ئێستا نەیدەتوانی خۆی بەرامبەر سەرجەم ئەم گوشار و کێشانە بگرێت کە لە سەر ئاستەکانی ناوخۆی و هەرێمیی و نێودەوڵەتی ڕووبەرووی بۆتەوە.

٥. ڕەهەندی سۆز (عاتیفە):

ڕەهەندی سۆز و خۆشەویستی، لەگەڵ پابەندبوونی دەروونی پێویستی چوونە ناو گروپێک یان خێڵێک پتەوتر دەکات، ئەمەش یەکێکە لە گرنگترین پاڵنەرە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ لە دروستکردنی پەیوەندی و هاوڕێیەتیدا. ئەم هەستە ئاماژەیە بۆ ڕادەی هاوسۆزی سۆزداری نێوان ئەندامانی گروپەکە و مەیلی خۆشەویستی، بەخشین، خۆبەخشی و بەزەیی بە ئامانجی یەکگرتن لەنێو گروپەکەدا.

هاوکات لە هەرێمی کوردستان زۆر جار ئەم جۆرە گرووپانە بریتین لەو کەسانەی کە هەڵگری بیروباوەری هۆز و خێڵەکانن، لای هەر هۆزێک بنەمای سەرەکی مانەوەیان خاکە و هەر هۆزێک لە ڕێی گرووپەکەی خۆیەوە لایەنگری بۆ پارتێکی سیاسی دووپات دەکاتەوە چونکە بنەمای سەرەکی مانەوە لەلای هەموو کوردێک خاک و نیشتیمانە، ئەو پارتانە دەکرێت ببنە قەڵغانی پاراستنی، دواتر ئەم گرووپە فراوانتر دەبێت و مەیلی خۆبەخشین و خۆشەویستی لەنێوانیان زیاد دەکات بەمەش ئینتیمایان بۆ ئەو ئامانجەی کۆی کردینەوە کە بریتیە لە نیشتیمان دروست دەبێت و ئامادەن لەپێناوی قوربانی بدەن.

٢.٢. بنەماکانی ئینتیمای نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان

بنەماکانی ئینتیمای نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان ئێجگار گرنگن و لە هەمان کاتدا ئاڵۆزن بۆیە پێیوستە بەگشتی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کاری جددی لەسەر بکرێت، چونکە بە کارکردن و جێگیرکردنی ئەم بنەمایانە هەستی ئینتیمای نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان لەلای هەر تاکێکی کۆمەڵگەدا بەهێزتر دەکات و ئامادەی قوربانیدان دەبن لەپێناو نیشتیمان.

بەشێوەیەکی گشتی بنەما سەرەکیەکانی ئینتمای نیشتمانی دەکرێ لەم چەند خاڵەی خوارەوە کۆ بکەینەوە[2]:

---

[1] صلاح الدين محمد حسيني،ص15، المصدر نفسه.

[2] Yuval-Davis, Nira. "The politics of belonging: Intersectional contestations.", Publisher: SAGE Publications Ltd , Pub. Date: 2012, p.199.

١. هاولاتیبوون: چەمکی هاووڵاتیبوون لەگەڵ ئەوەی کە واتای بەشداریکردنە بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی و بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە نیشتمان، بۆیە هاوڵاتیبوون بەبێ هاونیشتیمان بوونی نابێت، و هیچ بنەمایەکی هاوڵاتیبوون بەبێ دڵسۆزی بۆ نیشتمان بوونی نابێت، یان بەردەوام نابێت[1]. ئەم بنەمایە زیاتر پەیوەستە بە بوونی حکومەت و دامەزراوە سیاسییەکان، لەگەڵ پەرەسەندنی دیموکراسی، ئەو مافانەی کە هاووڵاتی پێی دەبەخشرێت، وەک بەشداریکردن لە ژیانی سیاسی و بڕیاردان، پەیوەست بوون بە ئازادی دامەزراندنی حزب و یەکێتی و کۆمەڵەی مەدەنی و ئازادی ئینتیما بۆی، و بەشداریکردن لە ڕێگەی ئەو دامەزراوانەوە لە پێکهێنانی ڕای گشتی و ئاراستەکردنیاندا[2].

لە هەرێمی کوردستان هاوڵاتیان دەتوانن بەشداری بکەن لە کاروباری سیاسی، واتە لە ڕێی گرتنە دەستی بەرپرسیارێتی ئەرکە سیاسییەکان چی لە دامو دەزگاکانی حکومەت بێت یاخود لە پەرلەمان یان لە بارەگا و نوسینگەی پارتە سیاسییەکان.

٢. یەک ریزی نیشتمانی: هەڵبەتە لە هەرێمی کوردستاندا سەرەرای ململانێ سیاسییەکان بەڵام جۆرێک لە یەکریزی نیشتمانی هەیە. ئەمە لە کاتی ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستاندا لە ٢٠١٧ بە روونی دیار بوو. ئەم یەکرزییەی کە هەیە، لە هەمان کاتدا هەندێک جاریش بە لاوازیی دێتە بەردەممان، ئەمەش بەهۆکاری ململانێی نێوان لایەنە سیاسییەکان، چ ململانێی نێوان هەردوو پارتی دەسەلاتدار یاخود ململانێی نیوان پارتی دەسەڵاتدار و پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان بێت. بۆیە ئەمە هەندێک جار وای کردووە یەک ریزی نیشتمانی لاواز بێت بەتایبەت لە پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا[3]. بەڵام ئەمە هەرگیز بەو مانایە نییە کە ئەم یەک ریزییە نەبێت. بۆ نمونە بەهۆی درێژەی ناکۆکیەکانی بەغدا لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەسەر داهاتی ناوخۆ و داهاتی نەوت، بەغدا مووچەی چەند مانگێکی ساڵی ٢٠٢٥ و چەند مانگی ساڵانی پێشوترییشی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانی نەنارد و پرسی مووچەی هاوڵاتیانی وەک کارتێکی گوشار لە دژی هەرێم بەکارهێنا و پاڵەپەستۆی خستە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ببوە هۆی نارەحەتبوونی فەرمانبەران و لایەنە سیاسییەکان، لەم کاتەدا یەکڕیزی لەنێوان لایەنە سیاسیەکان ئەوتۆ نەبوو بەهۆی ڕکابەریەتی نێوانیان لەسەر دابەشکردنی سەرچاوەکان، بەڵام هاتنەپێشی ئەم بارودۆخە سیاسیی و داراییە دژوارە وای کرد هەموو هاوڵاتیان داوای یەکڕیزی بکەن لەنێوان لایەنە سیاسییەکان بۆ ئەوەی مافەکانیان لە بەغدا بستێنن. کاتێک ویستی یەکڕیزی نیشتمانی لەناو تاکەکان بەرز دەبێتەوە بۆ پرسێکی جەوهەری ئەوکات لایەنە سیاسییەکانیش دەکەونە ژێرباری ئەم یەکریزیە، هەر بۆیە لایەنە سیاسییەکان بەتایبەت لەسەر ئاستی باڵا هەردوو پارتی دەسەڵاتدار پارتی و یەکێتی لە کۆبوونەوەیەکدا بە سەرۆکایەتی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان (مەسعود بارزانی) تاوتوێی پێکهێنانی کابینەی حکوومەت و پرسی مووچە کرا. پارتی و یەکێتی بە راگەیێندراوێکی هاوبەش لەدوای کۆبوونەوەیان، ڕایانگەیاند ، "هەردوولا هاوڕابوون هەموو هەوڵەکان چڕبکرێنەوە بۆ چارەسەری کێشە و دابینکردنی مووچە و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان".[4] ئەم یەکریزی نیشتمانیە بۆ پرسێکی نیشتمانی کە مافی خەڵکە وای کرد بەغدا لەگەڵ هەرێمی

---

[1] عبد القادر العلمي، سەچاوەی پێشوو.

[2] عبد القادر العلمي، هەمان سەرچاوە.

[3] وێستگەنیوز، دیداری یەکڕیزی و یەک وتاری لایەنە کوردستانییەکان لە بەغدا، 2021/10/21.

بەردەستە لە : https://westganews.net/dreja.aspx?=hewal&jmara=107203&Jor=1002 (رێکەوتی سەردانیکردن: ١٨ی مایس ٢٠٢٥).

[4] ڕاگەیەندراوی کۆبوونەوەی هاوبەشی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، بەرواری بڵاوکردنەوە: 14ی تەمووزی 2025. بەردەستە لە:

https://www.rudaw.net/Library/Images/Uploaded%20Images/2025/07/14/Gv0gOZAWoAA2A-I.jpg

(رێکەوتی سەردانیکردن: ٧ی ئاب ٢٠٢٥).

کوردستان ڕێکبکەوێت مووچەی مانگی پێنجی فەرمەنبەران بنێرێت و بۆ مووچەی مانگی ٦ و ٧ی ساڵی ٢٠٢٥ دووبارە کۆببنەوە و لێژنە داراییەکانیان پێداچوونەوە بە خاڵەکانی ڕێکەوتنامەکانیان بکەنەوە تا هەردوو لایەن پێوەی پابەند بن.

٣.پێگەیاندنی کۆمەلایەتی و سیاسی

له هەرێمی کوردستان پرۆسەی پێگەیاندنی تاک لەرێگەی کۆمەڵێک میکانیزم و هەنگاوەوە ئەنجام دەدرێت، گرنگترینیان بریتین لە خێزان، زۆر لەمێژە دایک و باوکانی کوردزمان هەستیان بە ڕۆڵی گرنگ و پڕ بایەخی خۆیان کردووە، دەرهەق بە پەروەردە و پێگەیاندنی نەوەیەکی کوردپەروەر و خەباتگێڕ. لە دوای خێزان قوتابخانە دێت کە تیادا پەروەردە دەکرێ و ئاشنا دەبێت بە مێژوو و سەروەرییەکانی نیشتمانەکەی. قوتابخانەکانیش هەر لە کۆنەوە لانکەی پێگەیاندنی کەسانی شۆڕشگێڕ و خەباتکەر بوون و شۆڕشگێر و سیاسی و نیشتمانپاروەرییان بەرهەم هێناوە[1]. هەڵبەتە ئەم پێگەیاندنە لە سەردەمێک بۆ سەردەمێکەوە جیاوازە، لە دوای ٢٠٠٣ تا ساڵی ٢٠٢٥ کاریگەری دامەزراوە پەروەردەیی و سیاسییەکان بە تایبەت حزب لەسەر ئەم پێگەیاندنی تاک لە هەرێمی کوردستاندا هەیە[2]. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا پارتە سیاسییەکان کەمتر کاریگەرن لەسەر پێگەیاندن هەیە بە تایبەت پێگەیاندنی سیاسی، چونکە ئێستا میکانزمەکان فرەجۆر بوون، بە تایبەت میدیا و سۆشیال میدیا رۆلی زۆر دەگێرن لەو بارەیەوە.

بەگوێرەی ڕاپرسییەک کە لە ئەیلوولی ساڵی ٢٠٢٢ ئەنجامدراوە بە ناونیشانی (کاریگەریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر دۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان) ئەوە دەرکەوتووە، ژمارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت کە لە ساڵی ٢٠١٠دا تەنیا ٣٥٥ هەزار کەس بووە، ئەم ژمارەیە لە ساڵی ٢٠١٣دا گەیشتووەتە دوو ملیۆن و لە ٢٠٢٠دا بۆ سێ ملیۆن بەکارهێنەر بەرزبووەتەوە، چالاکبوون یاخود زیاد بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە هەرێمی کوردستان بەرێژەی ٦٠.٤٨ ٪ لە فەیسبووکە، هەروەها لەڕووی ماوەی بەکارهێنان لە ٢٤ کاژێردا، بەگشتی بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان و سۆشیالمیدیا لە هەرێمی کوردستان رۆژانە گەیشتووەتە ٤ کاژێر و ٤٢ خولەک، واتە زیاتر لە یەک لەسەر شەشی کاتی مرۆڤەکانی داگیرکردووە[3].

پێشتر سەرچاوەکانی زانیاری، رادیۆ، رۆژنامە و تیڤی بوون نەك پلاتفۆرمە دیجیتالیەکان. بەپێی ئەنجامەکانی ڕاپرسیەکەی ساڵی ٢٠٢٢، ٥١.٣١٪ ی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان هیچ کام لە تیڤی، رادیۆ و رۆژنامە بەکارناهێنن بۆ وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری، لە بەرامبەریشدا، لە دەرەوەی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان و سۆشیالمیدیا، ٤٧.٥٧٪ی خەڵك بۆ وەرگرتنی زانیاری و هەواڵ سوود لە تەلەڤزیۆن وەردەگرن. لەلایەکی ترەوە لەڕووی لایک یاخود حەزکردن بە بینینی پۆستی سیاسەتوانان و کەسایەتییە سیاسییەکان، ٥٤.٧٧٪ی بەشداربووانی ڕاپرسیەکە هەرگیز ئارەزوویان بە لایکی پەیجی ئەو کەسایەتییانە نەکردووە، تەنیا ٩.٣٥٪ی بەشداربووان زۆرجار لایکی پەیجی ئەو کەسانەیان کردووە[4].

هەروەها بە پێی دوایین ڕاپۆرتی سەنتەری ڕاگەیاندنی دیجیتالی (Digital Media Center-DMC) کە پشتی بەستووە بە ئاماری دامەزراوە جیهانییە بە ناوبانگەکانی وەکو (We Are Social) و(Meltwater)، بە پێی دوایین ئامار کە لە ڕێکەوتی

---

[1] عەبدولقەهار هەولێری، چەکەرەکردنی بیری نیشتمانپەوەری لای منداڵی کورد، باس نیوس، بەرواری بڵاوکردنەوە: 2023/2/5.

بەردەستە لە : https://www.basnews.com/so/babat/794208 (ڕێکەوتی سەردانیکردن: ١٨ی مایس ٢٠٢٥).

[2] ئاکۆ عەبدولمەجید سەعید، ئاستی گەشەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 2020/4/28.

بەردەستە لە: https://www.kurdplat.net/2020/04/blog-post_202.html ( ڕێکەوتی سەردانیکردن: ١٨ی مایس ٢٠٢٥).

[3] ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، کاریگەری پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر بارودۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستان، ماڵپەری سەنتەری توێژینەوەی ڕووداو، 2023/1/16. بەردەستە لە: https://rudawrc.net/sorani/publication/karigeri-platforme-dycytalyiekan-leser-barwdoxi-syasy-abuwri-u-komelayetyi-heremi-kwrdstan-2023-01-16 (ڕێکەوتی سەردانیکردن: ٢ی حوزیران ٢٠٢٥).

[4] ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٣ی ئازاری ٢٠٢٥ ئەنجامدراوە، ژمارەی بەکارهێنەرانی پێگە کۆمەلایەتییەکان لە عێراق لە ساڵی ٢٠٢٥ گەیشتۆتە ٣٤.٣ ملیۆن بەکارهێنەر لە کۆیی گشتی دانیشتوانی عێراق[1]، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر ڕێژەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان نزیکەی (٦.٥) ملیۆن کەس بێت، ئەوە ڕێژەی بەکارهێنەرانی پێگە کۆمەلایەتییەکان لە هەرێمی کوردستان بە پێی ئەم راپۆرتە دەگاتە نزیکەی ٤.٨ ملیۆن بەکارهێنەر. ئەم ڕێژە و ژمارانەش دەرخەری ئەوەن کە پێگە کۆمەلایەتییەکان (شوشیاڵ میدیا) کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە لەسەر دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، چونکە بە پێی راپۆرتەکەی سەنتەری راگەیاندنی دیجیتالی، نزیکەی (٧٣.٨%)ی کۆی گشتی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان پێگە کۆمەلایەتییەکان بەکاردەهێنن.

کەواتە بەم شێوەیە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە پێگەیاندن لەڕێگەی سۆشیال میدیا و پێگە کۆمەڵایەتییەکان و پلاتفۆرمەکان لە سەردەمی ئێستا ئامرازێکی زۆر گونجاو و لەبارە کە دەکرێت هەستی نەتەوایەتی بەهێز بکرێت لەڕێگەی ناساندنی کلتور و زمان، بە بڵاوکردنەوەی میوزیک و گۆرانی و جلوبەرگی کوردی و ڕێورەسمی نەتەوەیی کوردی لە جیهان بەتایبەت بڵاوکردنەوەیان لە پلاتفۆرمەکانی وەک (تویتەر یان ماڵپەری x، فەیسبوک، ئینستاگرام، تیک تۆک). هاوکات پەیوەندی نێوان کوردەکانی تاراوگە (دیاسپۆرا) لە ڕێگەی گرووپەکانی فەیسبوک یان تیلگرام وادەکات کۆمەڵگەیەکی نەتەوەیی بەهێز دروست کات ئەگەرچی لەخاکی خۆشیان نەبن.

٤. ناسنامە و کولتووری هاوبەش

وەکو بوونی بەها ونەریت و مێژووی هاوبەش کە تاکەکانی کۆمەڵگە بە یەکەوە دەبەستێت، هەروەها شانازی بە بوونی هێما نیشتمانییەکان دەکرێت وەکو ئاڵا و سرودی نیشتمانی. لەلایەکی ترەوە ناسنامە کە وەك بنەمایەکە بۆ ئینتیمای نیشتمانی لە هەمان کاتدا ئینتیماش کاریگەری لەسەر ناسنامە هەیە، واتە ئینتیما لە ڕێگای ناسنامەوە تاك ئاراستە دەکات، کە لاگیری هەبێت بۆ شوێنی ژیان و خێزان و کۆمەڵگا و نەتەوە و ئایین و.. هتد، بۆ نموونە تاك لاگیری هەیە بۆ وڵاتەکەی، کە ماف و ئەرکەکانی لەڕێی ڕێسا و دەستوور و یاساوە ڕێکخراون، بەمەش دەبێتە هاونیشتمانی. بۆیە دەکرێت بڵێین: ناسنامە؛ هۆکارێکە بۆ چەسپاندن و بەرچاوخستنی ئینتیما لەلای تاک و کۆمەڵگە[2].

٥. دادپەروەی و یەکسانی:

دادپەروەری کۆمەڵایەتی، هەڵدەستێت بەدابەشکردنێکی دادوەرانە و پاك و بێ گەرد، لە سامان و خزمەتگوزاری تەندروستی و پەروەردە و فێرکردن و خۆشگوزەرانی و دادپەروەری یاسایی. هەروەها کار دەکات بۆ بەدەستهێنانی یەکسانی لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا، پێوەرەکانی دادی کۆمەڵایەتی بریتین لە:[3]

أ . یەکسانی و جیاکاری نەکردن، دەرفەتی وەك یەك

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بابەتەکە دەتوانن سەردانی پێگەی فەرمی (سەنتەری راگەیاندنی دیجیتالی) بکەن لە رێگەی سەردانی کردنی ئەم لینکەوە: https://dmc-iq.com/2025/03/04/%d9%85%d8%b1%d9%83%d8%b2-%d8%a7%d9%84%d8%a5%d8%b9%d9%84%d8%a7%d9%85-%d8%a7%d9%84%d8%b1%d9%82%d9%85%d9%8a-34-%d9%85%d9%84%d9%8a%d9%88%d9%86-%d9%85%d8%b3%d8%aa%d8%ae%d8%af%d9%85-%d9%84%d9%85%d9%88/ (ڕێکەوتی سەردانیکردن: ١ی تەمووز ٢٠٢٥).

[2] بۆتان لەتیف عەبدولقادر، زمان و ناسنامە؛ لە نێوان ڕەسەنێتی و نامۆییدا، بەرواری بڵاوکردنەوە: 2018/10/27. بەردەستە لە: https://www.rudaw.net/sorani/opinion/culture_and_literature/27102018 (ڕێکەوتی سەردانیکردن: ٥ی تەمووز ٢٠٢٥).

[3] سەرکۆ یونس، لە ڕۆژی جیهانی دادپەروەری کۆمەڵایەتیدا، تیشکێک لەسەر کوردستان، بەرواری بڵاوکردنەوە:2021/2/19. بەردەستە لە : https://www.knnc.net/Dreje_wtar.aspx?jimare=944 (ڕێکەوتی سەردانیکردن: ١٩ی مایس ٢٠٢٥).

لە راستیدا ئەم پێوەرە لە هەرێمدا کێشەی هەیە، ئەو هەلی کارانەی کە دەرەخسێنرێن، دەرفەت بۆ هەموان نییە و بەیەکسانی دابەشناکرێت بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگادا، بەڵکو پرەنسیپی پشتگیری لایەنەکان و خزم خزمێنەوە، کاریگەری زۆری هەیە لەسەر دەستگەیشتن بە کارێك یان پۆستێکی حزبی. بە تایبەت گەر سەیری رێژەی بێکاری بکەین ئەمە ڕوون دەبێتەوە لە هەرێمی کوردستان ساڵ لەدوای ساڵ ڕێژەکە زیاتر دەبێت، بە گوێرەی دوایین سەرژمێری کە لە عێراق ئەنجامدراوە، رێژەی بێکاری لە ساڵی ٢٠٢٤دا لە هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە ١٤.٩٧٪. هاوکات ئەم بێکاریەش دەبێتە هۆی هەژاری لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠١٨، ئەم رێژەیە ٥.٤٦٪ بووە. واتا ڕۆژ بە ڕۆژ هەژاری لەم شەش ساڵەی رابردوو هەڵکشاوە[1].

لەهەرێمی کوردستاندا، بیمەکردن سنورێکی بەرتەسکی هەیە، ڕێژەیەکی کەمی هاونیشتمانیان بیمەیان بۆ کراوە، ئەویش لەلایەن کەرتی تایبەتەوە. بیمەی کۆمەڵایەتی، بوارەکانی پەروەردە و خزمەتگوزاری تەندروستی و تۆڕەکانی پاراستنی تاکەکانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە[2].

بیمەی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان بەشێکە لە سیستەمی پاراستنی کۆمەڵایەتی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دابین دەکرێت بۆ پاراستنی هاوڵاتیان لە ڕووی دارایی و کۆمەڵایەتی. ئەم سیستمە بریتییە لە چەندین خزمەتگوزاری و پێکهاتەی جیاواز وەك[3]:

- بیمەی تەندروستی:
  - خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ کارمەندانی حکومەت و خێزانەکانیان.
  - سیستەمی سەلامەتی گشتی بۆ هاوڵاتیان لە نەخۆشخانەکان و کەرتەکانی تەندروستی.
- بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ بێکاران و بێتواناکان:
  - یارمەتی دارایی بۆ خێزانە هەژار و بێکارەکان.
- سیستەمی خانەنشین:
  - یارمەتی دارایی بۆ خانەنشینەکان لە ڕێگەی دابینکردنی مووچە.
- بیمەی کارمەندان:
  - پاراستنی کارمەندانی حکومەت و کارمەندانی تایبەت لە ڕووی مووچە و خزمەتگوزاری تەندروستی.
- یارمەتی تایبەت:
  - یارمەتی دارایی بۆ ئەو کەسانەی بێ سەرپەرشتن یاخوود خێزانەکانیان نەماوە.

ئەم سیستەمە هەوڵ دەدات کە ئاسایشی کۆمەڵایەتی و دارایی و تەندروستی بۆ هاوڵاتیان دابین بکات، بەتایبەتی لە کاتی بێکاری، نەخۆشی، یان پیری، یان هەژاریی ونەبوونی. بەڵام هەندێك کەم و کوری هەیە وەك نارِەزایی لە خزمەتگوزارییەکان و دابین نەکردنی پشتگیری گونجاو بۆ سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا[4].

ج . دابین کردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان:

ئەم پێوەر جیاوازی هەیە لەناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تر و لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە، لەهەندێك شار تارادەیەکی باش زۆربەی کاڵا گشتییەکان دابین کراوە، لەهەندێ شوێنی نیشتەجێبوونیش کە خاوەندارێتیان بۆ کەرتی تایبەت دەگەڕێتەوە، دابینکردنی ئەو خزمەتگوزارییە گشتیانە، کەوتووەتە سەر کەرتی تایبەت، لەبەرامبەر ئەوە هاونیشتمانیان

---

[1] ڕووداو، ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان بەرزبووەتەوە، بەرواری بڵاوکردنەوە: 2025/3/14.
بەردەستە لە: https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/14032025 (ڕێکەوتی سەردانیکردن: ٥ی تەمووز ٢٠٢٥).

[2] سەرکۆ یونس، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[3] وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، پۆرتاڵی خزمەت، بەردەستە لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی | خزمەت (ڕێکەوتی سەردانیکردن: ٦ی تەمووز ٢٠٢٥).

[4] وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی،هەمان سەرچاوەی پێشوو.

برێك پارە دەدەن. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین، کەموکورِی زۆر هەیە لە دابینکردنی ئەم جۆرە خزمەتگوزارییە ، وەك ئاوی خواردنەوە و کارەبا و ڕێگاوبان و دروستکردنی ئاوەڕۆ و پارك.

**د . دادپەروەری و یەکسانی لەنێوان نەوەکاندا:**

نەوەی پێشوو واتە نەوەی میلینیا (Millennials Generation)کە ڕێکەوتی لەدایکبونیان لە نێوان ١٩٨١ تا ١٩٩٦ دایە[1]، پشکی شێریان هەیە، نەوەی ئێستا و داهاتوو بێ بەش ماونەتەوە بەدیار داهاتوویەکی نادیارەوە، چونکە بەپێی داتاکان و بارودۆخی ئابوری و دارایی هەرێم بێت، هەرێم زیاتر لە (٢٧) ملیار دۆلار قەرزی لەسەرە، ئەمە سەرەرای کێشە و قەیرانەکانی تر[2].

سەبارەت بە یەکسانی ڕێژەکەی نزمە بە هۆکاری ئەوەی نایەکسانی بوەتە گرفتێکی ڕیشەیی لە هەرێمی کوردستان کە هەموو بوارێکی کۆمەڵگەی گرتووەتەوە، لە پەروەردە تاوەکو دەگاتە تەندروستی. جیاوازییەکە لەگەڵ دۆخی لەدایکبوونی تاک دەستپێدەکات، لەوانەش وەك ئەو خێزانەی ئەو منداڵە تێیدا لەدایک دەبێت، ئەو ناوچەیەی تێیدا گەورە دەبێت، باری ئابووریی خێزانەکە و تەنانەت ئەو لایەنگریە سیاسییەی ئەو تاکە هەیەتی. نەهێشتنی نایەکسانی لە کوردستان گرنگە و پێویستی بەوەیە سەرنجی بخرێتە سەر و هەوڵی هاوبەشی هەموو لایەکیشی پێویستە. هەرێمی کوردستان دەتوانێت ئەو جیاوازییە کەم بکاتەوە کە هەیە و کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەران و گشتگیر بونیات بنێت ئەوەش لە ڕێگەی بایەخدان بە دەرفەتی یەکسانی پەروەردە، خزمەتگوزاری تەندروستی و دەرفەتی ئابووری، سەرجەم ئەمانەیش لە ڕێگەی جێبەجێکردنی چاکسازییەوە ئەنجام دەدرێت بە جۆرێک نوێنەرایەتی سیاسی و بەڕێوەبردنیش باشتر بکرێت[3].

**٦. بەشداری سیاسی:**

بەشداری سیاسی تەوەرێکی سەرەکییە لە پەرەپێدانی پرسی ئینتیمای نیشتمانی. ئینتیمای نیشتمانی نابێت ئەگەر هاوڵاتییان بەشداریی سیاسییان نەبێت لە پرۆسەی سیاسی و چالاکییە سیاسییەکان. حزبە سیاسییەکان میکانزمی سەرەکی پرسی بەشداریکردنی سیاسین. شارەزایانی یاسای دەستوری سێ پێوانەیان وەک پێداویستی بۆ هەڵبژاردنی دیموکراسی داناوە، (کاریگەرێتی، ئازادی، دەستپاکی) بەم سێ پێوانەیە پارتە سیاسییەکان و کاندیدەکان بکەری تایبەتمەندی پرۆسەی نوێنەرایەتی خەڵک پیک دەهێنن[4]. بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین متمانەی هاونیشتمانیان بە پارتە سیاسییەکان بەرەو کەمبوونەوە چووە بە بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبونەوەی بەشداری سیاسی هاوڵاتیان بەتایبەت لە پرۆسەی هەڵبژاردن. بەپێی دەرنجامی ڕاپرسیdەك کە لە مانگی شوبات/ئاداری ٢٠٢٥ لە لایەن ناوەندی

---

[1] چەمکی نەوەی میلینیا (Millennials Generation) ئاماژە بۆ ئەو توێژەی دانیشتوان دەکات کە لە نێوان ساڵەکانی (١٩٨١ و ١٩٩٦)دا لە دایک بووە، هەندێک جاریش بە نەوەی (Y) ناوزەد دەکرێن. تایبەتمەندی ئەم نەوەیە بریتیە لەوە کە یەکەم نەوەیە هۆشیاری لە سایەی گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییە گەورەکان لەگەڵ بلاوبونەوەی ئینتەرنێت وکۆمپیوتەر و مۆبایلەوە پێگەیشتوون، ئەمەش وایکردووە زیاتر بە ژینگەی دیجیتاڵی وئامرازەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی گرێ بدرێن. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بڕوانە:

Michael DIMOCK, Defining Generation:Where Millennials end and Generation Z Begins, Pew Research Center, January 2019. Available At: https://www.pewresearch.org/short-reads/2019/01/17/where-millennials-end-and-generation-z-begins/ (Accessed: 18 June 2025).

[2] ڕوەیدا مستەفا، کەمکردنەوەی نایەکسانی لە کوردستان، بەرواری بڵاوکردنەوە: 2023/6/10. بەردەستە لە: https://www.rudaw.net/sorani/opinion/100620231 ( ڕێکەوتی سەردانیکردن:١٩ی مایس ٢٠٢٥).

[3] ڕوەیدا مستەفا، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[4] حەسەن کاکی، و. مەریوان فەتحی کەریم، چۆنیەتی بەڕێوبردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، چاپی یەکەم/٢٠٢٤، چاپخانەی:دانیشفەر، ل٨٧.

توێژینەوەی سبەیەوە ئەنجامدراوە، دەریدەخات کە متمانەی هاونیشتمانییان بە لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لەدوای هەڵبژاردنی خولی شەشی پەرلەمانی کوردستان زۆر لاوازە، هەڵبەتە بە رێژەی جیاواز، بەڵام بەجۆرێکە گشت حزبە سیاسییەکان بە نزیکە ٧٠٪ جێگای متمانەی هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان نین.[1]

| پارتە سیاسییەکان | نەبوونی متمانە | متمانە تاوەکوو رادەیەک | متمانە |
|---|---|---|---|
| یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ٪٧٦.٥ | ٪١٠.٥ | ٪١٣ |
| پارتی دیموکراتی کوردستان | ٪٥٩.٩ | ٪٨.٩ | ٪٣١.٢ |
| بزووتنەوەی گۆڕان | ٪٩٥.٣ | ٪٣ | ٪١.٨ |
| بەرەی گەل | ٪٩٤.٧ | ٪٣.١ | ٪٢.١ |
| رەوتی هەڵوێست | ٪٩١.٥ | ٪٤.٥ | ٪٤ |
| نەوەی نوێ | ٪٩١.٣ | ٪٥ | ٪٣.٧ |
| کۆمەڵی دادگەری | ٪٩٣.٤ | ٪٨.٣ | ٪٢.٨ |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٪٩١.٣ | ٪٥ | ٪٣.٦ |

خشتەی ژمارە 1 : رێژەی متمانە بە پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان

خشتەکە لەلایەن توێژەر بە پشت بەستن بە راپرسی ناوبراو، ئامادەکراوە

## ٣. ئاڵنگارییەکانی بەردەم گەشەکردنی ئینتیمای نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان

چوارچێوەی مێژوویی ئینتیمای نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان، بابەتێکی جەوهەری و گرنگە بۆ تێگەیشتن لە ناسنامە و سیاسەت لە ناوچەکەدا دوای ساڵی ٢٠٠٥. چونکە چەمکی ئینتیمای نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان بۆ ململانێیەکی مێژوویی درێژ خایەن دەگەڕێتەوە، وگۆڕانکارییە سیاسیی و کۆمەلایەتییەکانی ناوچەکەی لەسەدەی بیستەم کاریگەرییەکی راستەوخۆی هەیە لەسەر ئینتیمای نیشتمانی لە هەرێمی کوردستاندا. بابەتی ئینتیمای نیشتمانی کە لەسادەترین تێگەیشتندا پەیوەستە بە رەزامەندی هاوڵاتییان لە حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان رووبەرووی چەندان ئاڵنگاری بۆتەوە، بە شێوەیەک ململانێی سیاسی و کۆمەلایەتییەکان بە هۆی جیاوازی بەرژەوەندییەکانی نێوان هێزە کلاسیک و نوێیەکانەوە، سەری هەڵداوەتەوە. بۆ نمونە کێشەکانی نێوان دوو پارتە سیاسییە سەرەکیەکە، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بووە هۆی دروست بوونی ناکۆکیەکانی ناوخۆ، ئەمەیش بەش بە حاڵی خۆی گەورەترین ئاڵنگارییە لە بەردەم هەوڵ و کۆششەکانی پەرەپێدانی ئینتیمای نیشتمانی.

ئەمە بێجگە لە ناکۆکییەکانی نێوان بەغداو هەرێمی کوردستان، لەم سۆنگەیەوە دەکرێت ئاڵنگارییەکانی بەردەم ئینتیمای نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان لە چەند تەوەرێکدا کورتبکەینەوە:

### ١.٣. ئاڵنگاری پرسی ناسنامەی نیشتمانی و نەتەوەیی

سەرەتا پێویستە بزانین ناسنامەی نیشتمانیی کوردستان بریتییە لە کەلتووری لێبووردەیی و قوربانیدان و هاریکاری و پێکەوەژیان لە نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و تائیفییەکانی کوردستان، هەروەها لە یاساکانی هەرێمدا کە هاوبەندیی

---

[1] بۆ زانیاری وداتای زیاتر دەربارەی راپرسیەکە، دەتوانن سەردانی ماڵپەری فەرمی ناوەندی توێژینەوەی سبەی بکەن، https://sbresearch.s3.eu-west-2.amazonaws.com/pdf/zzk7jUnOKKwjpLebd13nPnammsF4KtkzaiinFhvv.pdf . (رێکەوتی سەردانی کردن: ٤ی تەمووز ٢٠٢٥).

کۆمەڵایەتی و ئینتیمای نیشتمانی دەپارێزێت، پیادەکردنی ماف و ئازادییەکان بۆ هەموو دانیشتووانی هەرێم دەستەبەر دەکات.[1]

پرسی ناسنامەی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان هەموو جۆرە ئینتیمایەکی نەتەوەیی و ئایین و تائیفی و ئیتنی و کەلتووری و سیاسی لەخۆ دەگرێت، ئەو ئینتیمایانە فاکتەرن بۆ پاڵپشتی و دەوڵەمەندکردنی ناسنامەی کوردستانی، کە بریتییە لە ناسنامەی یەکبوونی نیشتمانی و هاوبەندیی ویژدانی و ئینتیما بۆ پرەنسیپ و بەهاکانی کۆمەڵگەی کوردستانی[2].

ناسنامەی نیشتمانی زۆرجار توخمەکانی وەك زمان، ئاین، مێژوو، نەریت و ئەزموونە هاوبەشەکان لەخۆدەگرێت، کە یارمەتیدەرن لەدروستکردنی هەستێکی بێهاوتا بەسەربەخۆیی و پەیوەندی بەنیشتمانی تاکەکەسەوە[3].

کورد خاوەن وڵاتێکی سەربەخۆیی خۆیان نین، هیچ جوگرافیایەکی دیاریکراو و پێناسەکراویان نییە کەتێیدا نیشتەجێبن، هیچ میکانیزم وئالیەتێك نییە مافە دەستورییەکانی بپارێزێت. دەشێت هۆکاری ئەوە ئاڵۆزی واقعی کوردستان بێت کەتێیدا پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی حزبی دەسەڵات لەکوردستاندا هەیە، جیاوازی لەدیالێکتی کوردی (سۆرانی و کرمانجی)، نکۆڵیکردنی بەها و نەریتەکان (رکابەری لیبراڵیزم بەرامبەر پارێزگاران)و نەبوونی رێکەوتن لەسەر هێما نیشتمانییەکان. هەموو ئەوانە بووە هۆی لاوازبوونی ئینتیمای نیشتمانی کوردستان و بەم شێوەیە گەشەنەکردنی ناسنامەی کوردستانی[4].

لەگەڵ دانانی دەستووری نوێی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥، هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەستووودا دەسەڵاتی یەکەیەکی فیدراڵی پێ بەخشرا، لەگەڵ ئەم پێشهاتە مێژوویی وگرنگە ئاڵنگارییەکانی بەردەم ناسنامەی نیشتمانی و نەتەوەیی لەسەر چەند ئاستێکدا دەستیان پێ کرد. چونکە لە لایەک دەستوور درەفەتێکی بۆ چەسپاندنی ناسنامەی کورد لە چوارچێوەی نیشتیمانی عێراقیدا رەخساند، لە لایەکی دیکە دەرگای سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردیە کردەوە، کە سیستەمی فیدراڵیزمی وەک هەنگاوی یەکەم بەرەو سەربەخۆیی سەیر کرا. ئەم دوو خاڵە دژ بەیەکە لە نێوان ناسنامەی نیشتمانی یەکگرتووی عێراق و ناسنامەی نەتەوەیی کورد (نیشتمانی کوردستانی)، هەر لە سەرەتاوە یەکێک لە کێشە سەرەکیەکانی ناسنامەی کورد بووە لە هەرێمی کوردستان.

لە ساڵانی (٢٠٠٥-٢٠١٠)، هەرێم سەقامگیرییەکی رێژەیی بە خۆیەوە بینی، ئەمەش رێگە خۆشکەر بوو بۆ ئەوەی پەرە بە دامەزراوە سیاسی و ئابووری و کولتورییەکانی بدات بە شێوەیەکی نیمچە سەربەخۆ لە بەغدا. بەڵام ئەم سەقامگیرییە رێژەییە رەنگدانەوەی ئەرێنی لەسەر ناسنامەی نیشتمانی یەکگرتوو نەبووە، بەو پێیەی دابەشبوونی حزبایەتی لە نێوان دوو حزبی دەسەڵاتدار قوڵتر بویەوە، ئەمەیش بووە هۆی سەرهەڵدانی شوێنگەرەوەی ناسنامە سەرەکیەکە، بۆیە لە جیاتی ناسنامە یەکگرتووەکە زیاتر ناسنامە لاوەکییە حزبی وناوچەییەکانی وەکو (هەولێر-دهۆک بەرامبەر سلێمانی) بەدەر کەوتن. لەم قۆناغەدا فرەیی نەتەوەیی وئایینیش رۆڵێکی ئاڵۆزی هەبووە.چونکە بوونی ئاشووری وکلدان، تورکمان وئێزیدی لە ناو ناوچەکەدا پێویستی بە بنیاتنانی ناسنامەیەکی نیشتمانی یەکگرتوو ئاشکرا کرد کە هەمووان لە خۆ بگرێت. بەڵام گوتاری سیاسی بە زاڵبوونی ناسیۆنالیزمی کوردی مایەوە، تەنانەت ئەمەشیان بە تەواوەتی کاریگەر نییە.

لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی پەلامار و هێرشەکانی رێکخراوی تیرۆرستی داعش لە عێراق لە نێوان ساڵانی (٢٠١٤ – ٢٠١٧)، ئاڵنگارییەکی نوێ بۆ سەر ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی سەریهەڵدا. هەڕەشەی داعش، هەڕەشەیەکی مەترسیدار بوو، کە پێکهاتەکانی ناوچەکەی ناچار کرد بە یەکەوە بەڕەنگاری بنەوە، تا رادەیەک ئەگەر بە شێوەیەکی کاتیش بێت، توانرا لەم قۆناغەدا تا رادەیەک هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی زاڵتر بێت، بەڵام قەت نەگەیشتە ئاستی پێویست.

---

[1] کامەران ساڵحی، لاوازیی بەهاکانی ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانی هۆکار و چارەسەر، گوڵان میدیا،بەرواری بڵاوکردنەوە: 9ی نیسان2023. بەردەستە لە: https://shorturl.at/jEyJ8 (رێکەوتی سەردانیکردن:٣ی ئازار ٢٠٢٥).

[2] کامەران ساڵحی، هەمان سەرچاوە.

[3] سەڵاح عەزیز، ناسنامەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان، بەرواری بڵاو کردنەوە: 2023. بەردەستە لە : https://hawlati.co/page_detail?smart-id=31272 ( رێکەوتی سەردانیکردن: ٢٨ی نیسان ٢٠٢٥).

[4] سەڵاح عەزیز، هەمان سەرچاوە.

لەگەڵ ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٧، خاڵی وەرچەرخانی لە ڕێڕەوی ناسنامەی نەتەوەیی بە دیهێنا. ریفراندۆم لوتکەی خواستەکانی توێژێکی گەورەی کۆمەڵگەی کوردی بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ دەربڕی، بەڵام بە هۆی کێشە و گرفتی ئابوری و سیاسییەوە ناوخۆی هەرێمی بەسەر دوو بەرەدا دابەشبوون، بەرەیەک پاڵپشتی لە رێفراندۆم دەکرد و بەرەیەکی دیکە دژایەتی دەکرد، هەروەها ئەم هەنگاوە بووە هۆی قوڵتر کردنی قەیرانی نەبوونی متمانە لەگەڵ بەغدا و وڵاتانی دراوسێ. بەم شێوەیە بابەتی ناسنامەی نیشتمانی بووە بابەتێک کە مشتومری لە بارەوە دەکرا لە نێوان دوو بۆچوونی جیاواز ودژبە یەک، بۆچونێک پاڵپشتی لە پرۆژەی سەربەخۆیی نەتەوەیی کورد دەکا و بۆچوونی بەرامبەریش پێچەوانەی ئەو جەخت لە پرۆژەی نیشتمانی دەکات لەسەر ئاستی عێراق و بەرگری لە مانەوەی هەرێمی کوردستان دەکات لە چوراچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیدا.

لە قۆناغی دواتر بە تایبەت لە نێوان ساڵانی (٢٠١٨-٢٠٢٠)، هەرێمی کوردستان رووبەرووی قەیرانێکی سەخت بویەوە بە هۆی ئەو سزایانەی کە بەسەریدا سەپێنرا لەبەر ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان وەکو راگرتنی گەشتەکان لە فرۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها دابەزینی نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهان، ئەم کێشە و گرفتانە متمانەی هەوڵاتی بە دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێم لاواز کرد و بە شێوەیەکی نەرێنی کاریگەری کردە سەر بابەتی ناسنامەی نیشتمانی. لەم قۆناغە جیاوازییەکانی نێوان ناسنامەی حزبی و ناسنامەی نیشتمانی قوڵتر بوو و هاوڵاتی وای لێهات هەست بەوە بکات ئینتیمای لە جیاتی نیشتمان بۆ حزبەکە زیاتر بێت.

بە گشتی دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین کەوا هەست کردن بە بوونی ناسنامەی نیشتمانی لە نێوان ٢٠٠٥ – ٢٠٢٥، بەرز ونشێوی زۆری بە خۆیەوە بینی، ناسنامەی نیشتمانی رووبەرووی ئاڵنگاریی بەرچاوی وەکو ناسنامەی نیشتمانی عێراقی یەکگرتوو و ناسنامەی کوردی، جیاوازی وململانێ وناکۆکیە حزبیە ناوخۆییەکان، قەیرانە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان، فرەیی نەتەوەیی وئایینی و مەزهەبی، ململانێیە هەرێمیی ونێودەوڵەتییەکان، ببێتەوە. ئەم ئاڵنگارییانە بوونەتە هۆکاری ئەوەی ناسنامەی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان رووبەرووی سەر لە نوێ بنیاتنانەوەی ناسنامەی نیشتمانی ببێتەوە و هەڵوێستەکان لە نێوان دووانەیی پرۆژەی یەکگرتوو نیشتمانی عیراقیبوون و هەوڵ و ئارەزووەکانی بە دەست هێنانی سەربەخۆیی بێن وبرۆن.

لە ئەنجامدا دەکرێ بڵێین ئەگەر ناسنامەیەکی نیشتمانی نەبێت ناکرێ باس لە ئینتیمای نشتمانی بکرێت، چونکە کرۆکی ئینتیما خۆی لە بوونی ناسنامەیەکی یەکگرتوو لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان دەبینێت، بۆیە دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە نەبوونی ناسنامەیەکی نیشتمانی تەنانەت نەتەوەیش، بە یەکێک لە گرنگترین ئاڵنگارییەکانی بەردەم ئینتیمای نیشتمانی دابنرێت.

### ٢.٣. ئاڵنگارییە کۆمەڵایەتییەکان

ئاڵنگارییە کۆمەڵایتییە سەرەکییەکان لە هەرێمی کوردستان خۆی لەچەند پرسێک دەبینێتەوە ئەوانیش:

١. کێشەی نەتەوەیی و هەستی نیشتمان پەروەری

بەهۆی نائارامی سیاسی و ململانێ و ناکۆکی نێوان پارتە سیاسییەکان و جیاوازی نێوان شارەکان و دروستبوونی هەستی شارچێتی بەتایبەت لەنێوان هەولێر (دهۆک) و سلێمانی نەبوونی پلانێک بۆ پەروەردەکردنی هەستی نیشتمانپەروەری بەهێز بووەتە هۆی دروستبونی گرنگیدانی کەمتر بە هەستی نیشتمانپەروەری لەلای گەنجەکان[(1)]، ئەم هۆکارەنەش بەپێی تێپەربوونی کات دەکرێت ئەم هەستە نەرێنیە زیاتر بکەن.

* کێشەی یاسایی و دادوەری

نەبوونی دادپەروەری لەکاتی بوونی کێشەیەکی یاسایی بەهۆی پەیوەندی کەسی لەپێشینە زۆرجار دەبێتە هۆی خواردنی مافی کەسی خاوەن ماف[(2)]، یاخود نەبوونی یاسایەکی کاریگەری بەهێز بۆ پاراستنی مافی منداڵان و ژنان ئەم پرسە یاسایانە

---

(1) کۆباس، کێ شارچێتی دەکات و سیاسییەکان چۆن پەرەی پێ دەدەن؟، بەرواری بڵاوکردنەوە:21/10/202 . بەردەستە لە: https://kobas.krd/details.aspx?id=1814 (رێکەوتی سەردانیکردن: ٤ی ئاب ٢٠٢٥).

(2) سەرکۆ یونس، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

دەبنە هۆی کەمبونەوەی متمانە بە بنەما یاسایەکان و لەئاکامی کەمبوونەوەی متمانەش ئینتیمای نیشتمانی ئەو هاوڵاتیانە بۆ نیشتمانەکەیان لاواز دەبێت کە بە شوێنی بەدەستنەهێنانی مافە شایسەتەکانیان دەبیین.

٢. کێشەی کۆمەڵایەتی

پەرەسەندن و فراوانبونی چینی هەژاران و کەمبوونەوەی دەرفەتی کار بۆ گەنجان و بەرزی نرخی کڕین و کرێی خانو و زەوی[1]، ئەمانە دەبنە هۆی بێ ئومێدبوونی هاوڵاتیان لە وڵات و ڕوو لە وڵاتانی دەرەوە بکەن تا گوزەرانیان باشتر بکەن.

٣. کێشەی کولتووری و زمان

کەمی بەرهەمی کوردەواری لەناوخۆ و زیادبوونی بەرهەمی دەرەکی و کاریگەری زمانی میدیا کە زۆرێک لە دەزگا میدیایەکان کوردیەکی پاراو بۆ ڕاگەیاندن بەکار ناهێنن کە ئەمەش وادەکات زمانەکە لاواز دەربخات، هاوکات کەمی پشتگیری لە هونەرمەندانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان[2]، ئەمانە ئالنگای لەبەردەم دروستبوونی هەستی نیشتمان پەرەوەری ئەم چینانە دروست دەکەن.

٤. کێشەی زانست

کەمی پشتگیری بۆ توێژەران لە زۆربەی بوارەکان بووەتە هۆی کەمبوونەوەی توێژینەوەی زانستی سەردەمیانە و ڕاپرسی بۆ زۆرێک لەو بابەتانەی کە لە کۆمەڵگا گرنگن و دواجار ئەم توێژینەوە زانستیانەن کە دەبنە شۆرشی زانستی و پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا[3]، ئەمەش وایکردوو توێژەران زیاتر هەوڵبدەن لە وڵاتانی دەرەوە توێژینەوەکانیان بڵاوبکەنەوە بەهۆی ئەوەی لەناوخۆ گرنگیەکی ئەوتۆیان پێنادرێت نە لە ڕووی داراییەوە نە لە ڕووی مادیەتی ئەو بابەتانەی توێژینەوەکەی بۆ دەکەن ئەمەش وادەکات توێژەرەکان هیچ ئومێدکیان بەباشتربوونی ئەو بارودۆخە نەمێنێت و کاریگەریشی لەسەر ئینتیمایان دروست دەکات و ئەگەری هەیە بۆ ژیانکردن ڕوو لە ولاتانی دەرەوە بکەن.

٥. کێشەی ژینگە

کەمی ئاوی خواردنەوە و پیسبوونی ژینگە بەهۆی کارگەکان و کێشەی کۆکردنەوەی زبڵدانەکان[4]، ئەمانە لە گرنگترین پرسەکانی کێشەی ژینگەن کە پێویستیان بە چارەسەری هەیە چونکە کاریگەری لەسەر تەندروستی جەستەیی و دەروونی هاوڵاتی دروست دەکات.

٦. کێشەی تایبەت بە گەنجان

کەمی شوێنی کات بەسەربردنی تایبەت بە گەنجان و نەبوونی پشگیری بۆ ئەو گەنجانەی کە لە قۆناغی پڕۆسەی هاوسەرگیرین و نەبوونی هەلی کاری گونجاو ئەو کێشانەن کە گەنجان بێ هیوا دەکەن[1]، لەپێناو بەدەستهێنانی ئەو خواستانەی کە هەیەتی دەگوازێتەوە بۆ شوێنێکی شایستە تر.

---

[1] نرخی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان بەرز دەبێتەوە، ئاڤا نیوز، بەرواری بڵاوکردنەوە: 2025/7/29. بەردەستە لە: https://www.ava.news/news/29637 (ڕێکەوتی سەردانیکردن: ٤ی ئاب ٢٠٢٥).

[2] هونەرمەند هەڤاڵ قەرەچووغی: بەهۆی نەبوونی پشتگیری هونەرمەندان بەرهەمی هونەری وەستاوە، ڕۆژنامە خەبات، بەرواری بڵاوکردنەوە: 2023/7/11. بەردەستە لە: https://xebat.net/ku/?p=163738 (ڕێکەوتی سەردانیکردن:٤ی ئاب ٢٠٢٥).

[3] تۆماس کۆهن و پێکهاتەی شۆڕشی زانستی، چاوی کورد، بەرواری بڵاوکردنەوە: 2025/2/28. بەردەستە لە: https://chawykurd.com/2025/02/28/%D8%AA%DB%86%D9%85%D8%A7%D8%B3-%D9%83%DB%86%D9%87%D9%86-%D9%88-%D9%BE%DB%8E%D9%83%D9%87%D8%A7%D8%AA%D9%87%DB%8C-%D8%B4%DB%86%DA%95%D8%B4%DB%8C-%D8%B2%D8%A7%D9%86%D8%B3%D8%AA%DB%8C/ (ڕێکەوتی سەردانیکردن: ٤ی ئاب ٢٠٢٥).

[4] مەترسیەکانی ژینگەی پیس، Zaniary، بەرواری بلاوکردنەوە: 11-12-2020. بەردەستە لە: https://zaniary.com/blog/5fd3a5dbe52ee (ڕێکەوتی سەردانیکردن: ٤ی ئاب ٢٠٢٥).

**٧. کێشەی تایبەت بە ژنان**

کەمی نوێنەرانی سیاسی ئافرەتان لە پۆستە بەرزەکان و کەمی مووچەی ئەو ئافرەتانەی کارمەندن لە دەزگا حکومی و تایبەتیەکان و دروستبوونی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایش و کەسایەتیان بەتایبەت لە شەقام و بازار وشوێنە گشتیەکان و پارک، ئەمانە وادەکات ژنانیش بێ ئومێد بن و هەستی نیشتمانپەروەریان لاواز بێت.

**٣.٣. ئاڵنگارییە ئابورییەکان**

هەژاری و بێ کاریی و وەبەرهێنان و گەشەپێدان لەو پرسانەن کە ئاڵنگارین لەسەر پرسی ئینتیمای نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان، بەپێی رووپێوییەکی تایبەت بە دۆخی کۆمەڵایەتی، ١٧.٥٪ی هاووڵاتییانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەژێر هێڵی هەژارییەوەن، بەوپێیە بە نزیکەیی لە هەر پێنج کەسێك، یەکێکیان لەژێر هێڵی هەژارین، ئەنجامی ئەو راپرسیە لە ٢٦ی شووباتی ٢٠٢٥ لەلایەن وەزارەتی پلاندانانی عێراق بڵاوکرایەوە، کە لەسەر بنەمای داهاتی مانگانەی هەر کەسێک لە ١٣٧ هەزار دینار کەمتر بێت دانراوە، بەگوێرەی سەرژمێریەکە، زۆرترین رێژەی هەژاری لە پارێزگای موسەننا بووە کە٤٤٪ی دانیشتووانەکەی هەژارن، کەمترین رێژەی هەژارییش لە هەولێر ٦٪ـە[(2)].

**خشتەی ژمارە (٢) رێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان.**

| رێژەی هەژاری لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە بەرزترینەوە بۆ نزمترین | |
|---|---|
| **پارێزگاکان** | **رێژەی هەژاری** |
| دهۆک | ٪١٥ |
| سلێمانی | ٪٨ |
| هەڵەبجە | ٪٨ |
| هەولێر | ٪٦ |

**خشتەکە لەلایەن توێژەوە بە پشت بەستن بە داتاکانی رووپێویەکەی وەزارەتی پلاندانانی عێراقەوە ئامادەکراوە**

دەکرێت بڵێین هەژاری کاریگەری دروست دەکات لەسەر ئینتیمای نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان، هەروەها بەشێوەیەکی بەرچاو ئەو کاریگەرییە دەردەکەوێت، بەتایبەت لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و چالاکییەکانی ژیانی هاوڵاتیان، بۆ نمونە، کەمبوونەوەی بەشداری خەڵک لە چالاکییە کۆمەڵایەتیەکان وەک کۆبونەوەی رێکخراوەکان، بۆنە ئاینییەکان و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان بەمەش پەیوەندی نێوان تاکەکان لاواز دەبێت، هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی زۆرجار منداڵان و ژنان ناچار بن کار بکەن لەپێناو بژێوی ژیانی خێزانەکانیان ئەوەش وادەکات کاتی ئەندامانی خێزان بۆ یەکتری نەمێنێت و پەیوەندیان کەمر ببێتەوە. جگە لەمانە دەکرێت ببێتە هۆی زۆربونی کێشە وێرانکەرەکانی وەک دەسدرێژی و توندووتیژی بەرانبەر ژنان و منداڵان و ڕووبەڕووبونەوەی نێوان هۆزەکان لەگەڵ یەکتری و جیابونەوە و تێکچوونی خێزان. لە ئاکامی ئەم کاریگەرییە بەرچاوانە باوەری خەڵک بە دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان کەمر دەبێتەوە، چونکە خەڵکی وا هەست دەکەن کە چارەسەری کێشەکانیان ناکرێت بەمەش ئینتیمای نیشتمانیان لاواز دەبێت.

سەبارەت بە پرسی بێکاری و وەبەرهێنان وەك ئاڵنگاریەك لە هەرێمی کوردستان بەشێکی بۆ خراپی کارگێری بەرێوبردن لە کەرتی تایبەتدا دەگەڕێتەوە، هەژاری و خراپی کارگێری لە هەرێمدا دەتوانێت ببێتە هۆی ئاڵنگاری ئابووری بەرچاو، لەوانەش زیادبوونی بێکاری و کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی بیانی. زۆرجار شێوازی خراپی بەرێوەبردن لەناو کەرتی تایبەتدا

---

[(1)] هەردی ئەحمەد، گەنجان لە نێوان گرفت و کێشە و هەنگاونان بۆ چارەسەر، بەرواری بڵاوکردنەوە: 2018/03/15. بەردەستە لە:
https://www.sharpress.net/op-detail.aspx?jimare=110651 (رێکەوتی سەردانیکردن: ٥ی نیسان ٢٠٢٥).

[(2)] وزارة التخطيط، نتائج المسح الاجتماعي والاقتصادي للاسرة في العراق، متاح على: https://mop.gov.iq/archives/29726 (تاريخ الاطلاع:٢٤ أيار ٢٠٢٥).

دەبێتە هۆی داخستنی کارەکان یان بێتوانایی لە قەبارەدانانی کارەکان، کە ئەمەش دەبێتە هۆی لەدەستدانی کار و کەمبوونەوەی دەرفەتەکان بۆ هێزی کاری ناوخۆیی. بە تایبەت لە کەرتەکانی گەشتیاری و میوانداری و تەکنەلۆژیا کە زۆر پشت بە داهێنان و کارایی دەبەستن، ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەرە بەهۆی نەبوونی سەرکردایەتییەکی لێهاتوو[1].

لەلایەکی دیکەوە نەدانی موچە و کێشەی بودجە کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر ئینتیمای هاوڵاتیان دەبێت، ئەم کاریگەرییانە دەتوانن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەسەر ژیانی ڕۆژانە و دەروونی خەڵک کاری بکەن. لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقدا، نەدانی موچەی فەرمانبەران و کێشەی بودجە چەندەها ساڵە بە تایبەت لە دوای ساڵی ٢٠١٤ تا ئێستا بەردەوامە و چارەسەر نەکراوە، کە ئەمەش بووەتە هۆی نایەکسانی و نائارامی لەلای هاوڵاتیان. بەشێک لە خەڵکی لەگەڵ ئەوەدان کە موچەکانیان لەلایەن بەغداوە بنێردرێت بە هۆکاری ئەوەی متمانەیان بە حکومەتی هەرێم نەماوە و نەیتوانیوە مووچەکانیان پێبدات، بەشێکی تر لەگەڵ ئەوەدان کە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان سەربەخۆیی دارایی هەبێت و مووچەکان لە سەرچاوە و بەرهەمی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی هەرێم دابین بکرێت، ئەمە جگە لەوەی بەشێکی تر متمانەیان نە بە حکومەتی هەرێم هەیە نە بە حکوومەتی بەغدا و پێیان وایە هەردوولا بیر لە خەڵکی ناکەنەوە[2].

لە کاریگەریە ڕاستەوخۆکانی نەدانی مووچە دەکرێت ببێتە هۆی:

١. کەمبوونەوەی دەرفەتی کار: کاتێک حکومەت توانایی نەبێت موچە بدات، ئەوا فەرمانبەرانی حکومەت (وەک مامۆستایان، پزیشکان، ئەندامانی ئاسایس) ناتوانن خەرجییە سەرەکییەکانی ژیاندابین بکەن، ئەمەش ناڕەزایەتی لێدەکەوێتەوە.

٢. قەرز و فشارێکی دارایی: لەکاتی دواکەوتن و بڕینی موچە، زۆرێک لە خێزانەکان ناچاردەبن قەرز بکەن بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان ئەمە لە کاتێکدا لە ٩٠٪ی خێزانەکانی هەرێمی کوردستان موچەخۆریان تێدایە، ئەم پێنەدان و بڕینی مووچەیە دەبێتە هۆی ئەوەی ٩٠٪ی خێزانەکان بەشێکی یان هەموو داهاتەکەیان لەدەستبدەن یاخود پەنا دەبن بۆ قەرزکردن. بەگوێرەی ئەنجامی سەرژمێری گشتی دانیشتوانی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٢٤، دانیشتوانی هەریەکە لە پارێزگاکانی دهۆك و هە ولێر و ئەنبار و سلێمانی لە ئاستی عێراقدا زۆرترین جار پەنایان بۆ قەرز کردن بردووە بەواتایەکی دیکە لە چوار پارێزگای عێراق کە خێزانەکان زۆرترین قەرزیان کردووە، سیانیان لە هە رێمی کوردستانن. وردەکاری ئامارەکە بەم شێوەیەیە، لە دهۆك ٦١.٢٪ ی دانیشتوان لە ماوەی ساڵێکدا ناچاربوون قەرز بکەن، ڕێژەکە بۆ هەولێر ٥١٪ و بۆ سلێمانیش ٣٦.٣٪ دەبێت واتە لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان بە نزیکەی نیوەی خێزانەکان ناچاربوون قەرز بکەن، قەرز کردن لێکەوتەی گەورەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی لەسەر خێزان و تاکەکان بەجێدەهێڵێت کە ئەمەش دەبێتە هۆی کێشەی خێزانی و تەنانەت جیابوونەوە[3].

کاریگەرییە ناڕاستەوخۆکان:

---

[1] عەلی عەبدوڵڵا ئەحمەد، هەژاری کارگێڕی لە هەرێمی کوردستان، 2025/1/14. بەردەستە لە: https://shorturl.at/v7dmZ (ڕێکەوتی سەردانیکردن:٢٤ی مایس ٢٠٢٥).

[2] Sbey research, The Impact of delayed salary payments on employees in the Kurdistan Region of Iraq, November 2023. Available At: https://sbresearch.s3.eu-west-2.amazonaws.com/pdf/uWafvYg56uguFj4TjrDsgAvqve67CJzxw6ckm71W.pdf (Accessed: 6 June 2025).

[3] بەڵێن عیزەت، لێکەوتەی ئابوریی کێشە داراییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، توێژینەوەی بڵاوکراوە لە ناوەندی دەنگی نەتەوە، تەمموزی ٢٠٢٥. بەردەستە لە:

https://www.kurdipedia.org/files/relatedfiles/2025/647343/0001.PDF?ver=133975537829609218 ( ڕێکەوتی سەردانیکردن: ٢٤ی ئاب ٢٠٢٥).

**١. کەمبوونەوەی متمانە بە حکومەت: کاتێک حکومەت ناتوانێت خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان دابین بکات، ئینتیمای هاوڵاتی دەکەوێتە ژێر مەترسی، بۆیە ئەمە هەستی ئینتیمای نیشتمانی لای خەڵک لاواز دەکات ودەرفەت بۆ فاکتەرەکانی تر دەرەخسێت بۆ ئەوەی شوێنی بەهێز کردنی هەستی ئینتیمانی نیشتمانی بگرێتەوە.**

**٢. زیادبوونی نائارامی و ناڕەزایەتی: نەدانی مووچە و کێشەی دارایی دەبێتە هۆی پێکدادانی کۆمەڵایەتی دەربرینی ناڕەزایەتی و دروستبوونی نائارامی.**

**٤.٣. ئاڵنگارییە سیاسییەکان**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ەوە ڕووبەڕووی چەندین ئاڵنگاری سیاسی بووەتەوە، بەشێکی لەو ئاڵنگارییە سیاسیانە تێپەڕاندووە و لە بەشێکی دیکەشدا شکستی هێناوە. لە ساڵی ٢٠٢٥دا حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی چەندین ئاڵنگاری سیاسی بۆتەوە لەسەر ئاستی ناوخۆیی بە تایبەت لە پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومی، وپەیوەندیی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی و گوشارە دەرەکییەکان. لە گرنگترین ئاڵەنگاریەکان ئەمانەی خوارەوەن:-**

**١. سیستەمی سیاسی**

**بەپێی ماددەی (١)ی پرۆژەیاسای دەستوری هەرێمی کوردستان، (هەرێمی کوردستان هەرێمێکە لەناو دەوڵەتی عێراقی یەکگرتوو، کە سیستەمە سیاسییەکەی کۆماری و پەرلەمانی و دیموکراتییە و لەسەر بنەمای فرەلایەنی سیاسی و دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات و لەڕێگەی هەڵبژاردنی گشتی ڕاستەوخۆی نهێنی و بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دامەزراوە)[1]. سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان بەهۆی چەندان لەمپەرەوە بووتە ئاڵنگاری سیاسی بۆ ئینتیمای نیشتمانی ئەوانیش وەک:**

**یەکەم: لاوازی دامەزراوەیی، واتە کۆنترۆڵی پارتەکان بەسەر هێزە چەکدارەکان. لە هەرێمی کوردستان تا ئێستە هێز نەگوازراوەتەوە بۆ دامەزراوەکان (حکوومەت) یاخود بڵێین هێز بەدامەزراوەیی نەکراوە، ڕاستە هەرێمی کوردستان خاوەن دامەزراوەی سیاسی و ئابوری و ئەمنیە، بەڵام هێزێک لە دەرەوەی دامەزراوەکان تەحەکومیان پێدەکات وەک، هێزی پارت و کەسایەتی سیاسی. ئەم هێزانە تاڕادەیەکی زۆر زیانی گیانی و ماددی لە ئەزمونی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان دەدات ، بۆ نمونە ئەگەر هێزە چەکدارەکنی هەرێمی کوردستان دامەزراوەیی و نیشتمانی بان شەڕی ناوخۆی ساڵی ١٩٩٤ ڕوویندەدا یاخود ئەو بارودۆخەی شازدەی ئۆکتۆبەر کە زەرەرێکی زۆری بەکوردستان گەیاند[2]. بۆیە دەکرێت بڵێین بە دامەزراوەیی نەکردنی دامەزراوەکان و کۆنترۆڵکردنیان لەلایەن هێزە سیاسییەکان و کەسایەتیە سیاسییەکان دواجار زەرەری بۆ تاکی کورد وخاکو نیشتمان دەبێت، هاولاتی نائومێد دەبێت لەتێکچوونی باری ئەمنی نیشتمانەکەی و ئەوە بە قۆرغکاری دەبینێت لەلایەن چەند گروپێکی دەسەڵاتدار و ئینتیمای نیشتمانیشی لاواز دەبێت بەهۆی ئەو نائومێدبوونە لەبارودۆخی ئەمنی نیشتمانەکەی.**

**دووەم: (ڤیتۆی دوو پارتەکە) پێکهێنانی حکوومەت لەسەر بنەمای هێز و جوگرافیا، واتە بوونی فۆرمێکی حوکمرانی کە پشت نابەستێت بە دەرەنجامی هەڵبژاردن و گۆڕانکاری لە هاوسەنگی هێز و دەرکەوتنی هێزی تر. لەو فۆرمە بێجگە لەدوو پارتی باڵادەست هیچ لایەنێکی دیکە ناتوانێت حکوومەت پێکبهێنێت، نەک بەتەنها ئەوە بەڵکو ئەگەر هەر کام لەو دوو پارتە باڵادەستە ڕەزامەند نەبێت ئەوا پێکهێنانی حکوومەت دەکەویتە قەیرانێکی گەورە و ئەگەری هەیە هەر پێک نەهێت[3].**

---

**[1] نوری تاڵەبانی، پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان و پێشنیازی چاککردنی کەموکوڕییەکانی،گۆڤار چاپی یەکەم/2013، چاپخانەی حاجی هاشم، مادده (١)، لا١٢٧.**

**[2] د.زوبێر رەسول، کێشە هەناوییەکانی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان، ماڵپەری رووداو، بەرواری بڵاوکردنەوە: 20-05-2020. بەردەستە لە: https://www.rudaw.net/sorani/opinion/200520201 (ڕێکەوتی سەردانیکردن: ٦ی ئاب ٢٠٢٥).**

**[3] د.زوبێر رەسول، هەمان سەرچاوە.**

بەم شێوەیە خەڵک متمانەی نامێنێت بە پرۆسەی دەنگدان وەک میکانیزمێک بۆ هەڵبژاردنی ئازاد و دیموکراسی[1]. بە نەمانی ئەو متمانەیەش ئینتیمای تاک بەرەو لاوازی دەچێت بەهۆی بێ هیوابوونی لە دەستەبەر نەکردنی مافەکانی.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ەوە لە دامەزراندنیەوە، لەسەر بنەمای دەستووری نوێی عێراق کار بۆ چەسپاندنی سەربەخۆیی خۆی لە چوارچێوەی عێراقدا کردووە. دوای ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی ساڵی ٢٠١٧ کە پشتیوانییەکی زۆری دەنگدەرانی کوردستانیان بەخۆیەوە بینی بەڵام دژایەتییەکی توندی بەغدا و وڵاتانی دراوسێی لێکەوتەوە.

دەسەڵاتە سیاسیی ویاساییەکان لە هەرێمی کوردستان دابەشی سەر سێ دەسەڵاتی بنەرەتی دەبێت بەم شێوەی خوارەوە:

١. دەسەڵاتی یاسادانان: پەرلەمانی کوردستان دوای بڕیارەکانی دادگای باڵای ئیتیحادی ژمارەی کورسیەکانی بۆ ١٠٠ کورس کەمرایەوە کە پێنجیان بۆ پێکهاتەکان تەرخان کراوە. هەلبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان شەش جار ئەنجامدراوە کە خولی یەکەم لە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٥/١٩ بەرێوەچووە و خولی شەشەمیش لە ڕێکەوتی ٢٠ی تشرینی یەکەم ٢٠٢٤ ئەنجامدرا. متمانە بەخشین بە کابینەکانی حکومەت، چاودێری کردنی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن، پەسەند کردنی بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان گرنکترین ئەرکەکانیەتی. سەرەرای نەبونی دەستورێکی تایبەت بە هەرێمی کوردستان بەڵام ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لەرێگەی یاسای هەڵبژادنەکانەوە لە رێگەی هەڵبژادرنی گشتیەوە دیاری دەکرێن و لەپاڵ ئەمە پەیڕەوێکی ناوخۆیی هەیە کە لە رێگەی ئەم پەیڕەو ناوخۆییە کاروبارەکانی ناوخۆی بەرێوەدەبرێت[2]. گرنکترین بابەت کە بۆتە جێگای مشتومری لایەنە سیاسییەکان بابەتی کورسی کۆتاکان بوو، کە لە کۆتاییدا ئەم بابەتە لە لایەن دادگای باڵای ئیتیحادیەوە یەکلایی کرایەوە.

٢. دەسەڵاتی جێبەجێ کردن: دەسەڵاتی جێبەجێ کردن لە هەرێمی کوردستان لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت یەکەمیان سەرۆکی هەرێمە سەرۆکی هەرێمی بە پێی قۆناغە جیاوازەکان هەندێك جار لە لایەن خەڵکەوە لە رێگەی هەڵبژاردنە گشتیەکانەوە دیاری کراوە و هەندێك جارێش لە رێگەی پەرلەمانەوە هەڵبژێدراوە. ئەوەی ئێستا بەرکارە سەرۆکی هەرێم لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دیاری دەکرێت. راسپاردنی سەرۆك وەزیران، نوێنەرایەتی کردنی هەرێم لە سەر ئاستی ناوخۆ ودەرەکی، راگەیاندنی باری لە ناکاو گرنکترین ئەرکەکانی سەرۆکی هەرێمە.کەواتە یەکەم پێگەی دیاریکراوی سەرۆکی هەرێم سەرۆکایەتیکردنی قەوارەی فیدراڵی هەرێمی کوردستانە[3]. ئەم پۆستەیش لە قۆناغەکانی رابردوودا بوو هۆی مشتومرێکی زۆر لە نێوان لایەنە سیاسییەکان بەڵام لە کۆتاییدا لایەنەکان لەسەر ئەوە رێککەوتن کە پێویستە سەرۆکی هەرێم لە لایەن پەرلەمانەوە دیاری بکرێت.

ئەنجومەنی وەزیران، بەشێکی دیکەی دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە لە هەرێمی کوردستان، بەراوورد بە بەشەکەی تر، دەسەڵاتێکی جێبەجێ کردنی فراوانی هەیە. سەرۆک وەزیران بە بەرپرسی جێبەجێکاری یەکەم دادەنرێت و ئەرکی سەرۆکایەتی کردن و بەڕیوەبردنی ئەنجومەنی وەزیرانی پێ سپێردراوە، بە گشتی بەرپرسیارە بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان، واتا پەرلەمانی کوردستان مافی لێپرسینەوەی هەیە لە ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆک وەزیران و سەرجەم وەزیرەکانی کابینەی حکومەت. بەڵام بە هۆی ململانێ حزبی تا ئێستا نەتوانراوە لێپرسینەوەیەکی راستەقینە و دروست لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران ئەنجام بدرێت. ئەمەیش بە یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان دادەنرێت.

---

[1] بارزان جەوهەر سادق، متمانەی سیاسی بە سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان، چاپی یەکەم/ ٢٠٢١، ل١٩٨.

[2] بۆ گەیشتن بە ناوەرۆکی پەیڕۆەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، سەردانی ماڵپەری فەرمی پەرڵەمانی کوردستان بکە لە رێگەی ئەم لینکەوە: https://www.parliament.krd/about-parliament/%D9%BE%DB%95%DB%8C%DA%95%DB%95%D9%88%DB%8C-%D9%86%D8%A7%D9%88%D8%AE%DB%86/ (رێکەوتی سەردان کردن: ٦ی تەمووز ٢٠٢٥)..

[3] سۆران عەلی حەسەن، چوارچێوەی یاسایی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق، چاپی یەکەم/ ٢٠٢٤، چاپخانەی قەندیل، ل٤٠.

**٣. دەسەڵاتی یاسادانان: ئەم دەسەڵاتە لە ئەنجومەنی باڵای دادوەری و دادگای تێهەڵچوونەوە، دادگای پێداچوونەوە، دادگا سەرەتاییەکان وداواکاری گشتی. دەسەڵاتی یاسادانان لە رووی تیۆریەوە سەربەخۆیە، بەڵام لە کاتی بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانی کاریگەریی راستەوخۆ هاوکێشە سیاسیی وحزبیەکانی لەسەرە.**

**لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان سەرەرای ئەوەی دەستورێکی نییە تیایدا جۆری سیستەمە سیاسییەکەی دیاری بکات، بەڵام بە پێی ئەو یاسا بەرکارانەی کە هەن و ئەرکی دامەزراوە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان رێکدەخەن، دەتوانین بڵێین جۆری سیستەمە سیاسییەکەی هەرێمی کوردستان لە ئەرزی واقعدا بریتیە لە سیستەمێکی سیاسی هایبرید (Hybrid Political System)[1].**

**٢. پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵ**

**پەیوەندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ئیتحادی عێراق تا ئەمرۆ سەقامگیری بەخۆیەوە نەبینووە بەهۆکاری سیاسی بێت یاخود ئابوری، بەڵام حکومەتی هەرێم بەردەوام لە هەوڵدابووە پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی ئیتحادی بەرەوپێش ببات[2]. ئەم ناکۆکیانە کە سیاسی یاخود داراییبن وەک پرسی بودجە و داهاتی نەوت و مووچە، زۆرجار دەبێتە هۆی زیاتر ڕێکنەکەوتنی نێوان هەردوو پارتی دەسەڵاتدار پارتی و یەکێتی و دروستبوونی فشار لەسەر خەڵک و زیادبوونی ناکۆکی ناخۆیی لە هەرێم، هەروەها هەندێک جار حکوومەتی عێراق لەڕێگەی ئێران و تورکیا دەستێوەردان لە ناکۆکیە ناوخۆییەکانی هەرێم دەکات و کێشە وپرسەکان ئاڵۆزتر دەکات، ئەمانە وادەکات فشاری زیاتر بۆسەر هاوڵاتی دروست ببێت و ئینتیمای لاواز بکات، بەڵام زۆرجار هاوڵاتی ئەو هەوڵانە نابینێت کە هەرێمی کوردستان ئەنجامی دەدات لەبەرانبەر بەغدا و سیاسەتەکانی بۆ ئەوەی مافی هەموو تاکێکی کورد بەدەست بهێنن بەگویرەی ئەوە کە لەدەستور بۆی دانراوە.**

**٣. ململانێی ناوخۆییەکان**

**پرۆسەی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان تا ئاستێکی زۆر پەیوەستە بە کۆکی و ناکۆکییەکانی دوو پارتی سەرەکی، لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان. ئەم دابەشبوونە وا دەکات کاریگەری راستەوخۆ دروست بکات لەسەر ئینتیمای خەڵك بۆ هەرێمی کوردستان و توانای هەرێم بۆ پێشکەشکردنی بەرەیەکی یەکگرتوو بەرامبەر بەغدا لاواز دەکات. بۆ نموونە بە پێی ڕاپرسیەك كە لە لایەن کۆمپانیای شیکار بۆ توێژینەوەی وڕاپرسی لە ساڵی ٢٠٢٣، دوای بڕیاری دادگای باڵای ئیتیحادی عێراق لە بارەی هەڵوشاندنەوەی هەموو ئەو بڕیارانەی لەسەردەمی کابینەی موستەفا کازمی درابوون بۆ ناردنی بڕە پارەیەك بۆ هەرێمی کوردستان وەك هاوکاری بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران، ئەم پرسە بە تەواوی پشتراستکراوەتەوە، کاتێک زیاتر لە نیوەی ئەوانەی رایان وەرگیراوە ٥٣% پێیانوایە ناکوکییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی هۆکارێکی دەرچوونی ئەو بڕیارانەی بەغدان لە دژی هەرێم، ئەوانەی کە پێیانوایە ناکوکییەکان هۆکار نین تەنیا**

---

**[1] سیستەمی سیاسی هایبرید (Hybrid Political System) یاخود سیستەمی هایبرید (Hybrid System): ئەو سیستەمەیە کە لە هەمان کاتدا توخمەکانی دیموکراسی و دیکتاتۆری بە یەکەوە کۆدەکاتەوە، بە شێوەیەکی وورد ناکرێ بە دیموکراسیەکی تەواو ناوزەد بکرێت و لە هەمان کاتیشدا ناتوانرێ پێ بوترێت دیکتاتۆری.**

**[2] سامان شالي، تحديات أمام حكومة إقليم كوردستان في عام 2025، تاريخ النشر: 2025/1/11. متاح على:**
**https://www.kurdistan24.net/ar/opinion/819193/%D8%AA%D8%AD%D8%AF%D9%8A%D8%A7%D8%AA-%D8%A3%D9%85%D8%A7%D9%85-%D8%AD%D9%83%D9%88%D9%85%D8%A9-%D8%A5%D9%82%D9%84%D9%8A%D9%85-%D9%83%D9%88%D8%B1%D8%AF%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D9%86-%D9%81%D9%8A-%D8%B9%D8%A7%D9%85-2025 (تاريخ الاطلاع: ٢٦ مايس ٢٠٢٥). (لینکەکە ناکرێتەوە لینکە ئەسلیەکە دابنێ کورتی مەکەرەوە)**

١٣% هاوڵاتییانن. ئەوەی جێگەی سەرنجە رای خەڵکی هەردوو زۆنی زەرد و سەوز وەك یەكە لەبارەی ناكوكی نێوان پارتی و یەكێتی، بۆ پتەوكردنی یەكڕیزی لە سەر ئاستی ناوخۆیی هەرێمی كوردستان دەبێت كار بكرێت بۆ چارەسەركردنی:

نەهێشتنی ئەوەی پێیدەڵێن دوو زۆنی : بوونی دوو زۆن و دوو حوكمڕانی دوجار پرسی ئینتیما دابەش دەكات بۆ ئینتیمابوون بۆ حزب و شارچێتی و ئاینزا و خێڵەكی، لە بۆشایی ئینتیما سەرەكییەكە كە هەرێمی كوردستانە . هەر بۆ نموونە لە هەمان راپرسی كۆمپانیای شیكار كە لە ساڵی ٢٠٢٣ ئەنجامدراوە، هەزار كەس بەشداری تێداكردووە، زیاتر لە نیوەی بەشداربووان ( ٥٠.٧% ) پێیانوایە قەوارەی هەرێم هەڵوەشێتەوە و بگەڕێنەوە سەر بەغدا لەو رێژەیە ٥٦٪ یان گەنجانن، لەو بارەوە جیاوازییەكی بەرچاو لە نێوان هەردوو زۆندا هەیە، زۆنی زەرد بە رێژەی نزیكەی ٤٢% لەگەڵ نەمانی قەوارەی هەرێم و زۆنی سەوز بە رێژەی نزیكەی٦٤٪[1] ئەم راپرسیانە ئەگەر پێوەری تەواویش نەبن بەلام لە راستیدا گوزارشتی مەترسیدارن لەسەر لاوازی پرسی ئینتیمای نیشتمانی خەڵكی هەرێمی كوردستان بەرامبەر بە هەرێمی كوردستان لەسەر ئاستی نیشتمانی.

٤. یەكخستنی هێزی پێشمەرگە :هەبوونی یەك هێز بۆ پاراستن و بەرگریكردن لە دەستكەوتەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، هەرچەندە تا ئێستا هەنگاوی باش نراوە لەو بوارەدا، بەڵام پرسەكە بە تەوای چارەسەر نەكراوە. واتا تا ئێستاش هەژموونی حزبی بەسەر هێزەكانی پێشمەرگە بەهێزترە لە هەژموونی دامەزراوەكانی وەک وەزارەتی پێشمەرگە و سەرۆكی هەرێمی كوردستان.

٥. موچەی فەرمانبەران : مانەوەی چارەسەنەكردنی كێشەی مووچە و لاوازی توانای حكومەتی هەرێم لە دابینكردنی مووچە وایكردووە، خەڵك دژایەتی زۆری هەبێت بۆ حكومەتی هەرێم، تا ئاستی ئینتیما بوون بۆ عێراق لە بری هەرێمی كوردستان[2].

لەم سۆنگەوە گەر ئەم پرسانە گەر چارەسەر نەكرێن، وەكو ئاڵنگاریی سیاسی كاریگەر لەبەردەم پەرەپێدانی ئینتیمای نیشتمانی بەردەوام دەبێت و دەبێتە هۆی ئەوەی ئینتیمای كوردستانیان لاواز بكات بەرامبەر بە هەرێمی كوردستان، بۆیە بەهێز كردن و پەرەپێدانی هەستی ئینتیمانی نیشتمانی بە بێ دروست كردنی بەرەیەكی یەكگرتوو لە سەر ئاستە سیاسییە ناوخۆییەكە مەحاڵە بوونی هەبێت، بێ گومان زۆر ئاساییە بیربۆچونیی جیاواز هەبێت لەمەر پرسە سیاسییەكانی هەرێمی كورستان بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر گرنگە هەندێك پرسی نیشتمانی دیاری بكرێت وەكو هێلی سوور كە دەبێت هەمووان داكۆكیی لێ بكەن و لە ژێر چەتریدا سەرجەم سیاسەت و ستراتیژیەكانی هەرێمی كوردستانی لە چوارچێوەیدا دابرێژرێت.

### ٣.٥. ئاڵنگارییە یاسایی و دەستوورییەكان

نەبوونی سەروەری یاسا و نایەكسانی لەبەردەم یاسا لە هەرێمی كوردستان لە بەربەستە یاساییە هەرە بەرچاوەكانی پەرەپێدانی ئینتیمای نیشتمانیە. لە نێوان فەرامۆشكردن لە جێبەجێكردنی یاساكە و بێ سزای و لاوازی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری تەواو، هاووڵاتیان هەست بە ناتەنهایی یاسایی دەكەن و متمانەیان بە دامەزراوە فەرمییەكان لەدەست دەدەن. بۆیە ئەم واقیعە دەگۆڕێت بۆ هەستكردن بە نامۆبوون لەناو نیشتماندا، ئەمە وادەكات تاكەكان هەست بەوە بكەن كە مافەكانیان پارێزراو نین و دادپەروەری بەپێی لایەنگری سیاسی یان پەیوەندی حزبی بەرپا دەكرێت، نەک لەسەر بنەمای بنەماكانی هاوڵاتیبوونی یەكسان. نەبوونی دادپەروەری یاسایی هەستی پەراوێزخستن پەرەپێدەدات، هەروەها پەیوەندی نێوان هاوڵاتیان و دەوڵەت لاواز دەكات و دەبێتە هۆی زەقبوونەوەی دابەشبوون نەک ئینتیمایەكی نیشتمانی

[1] درەو میدیا، (٢٠٢٣/١/٣١ ). راپرسیەك لەسەر بڕیارەكانی دادگای فیدراڵی. ماڵپەری درەو. بەردەستە لە: https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=11985 (رێكەوتی سەردانیكردن: ٨ی تەمووز ٢٠٢٥).

[2] سامان شالي، تحديات أمام حكومة إقليم كوردستان في عام 2025، سەرچاوەی پێشوو.

دەستەجەمعی. بۆیە دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا و بەرپاکردنی دادپەروەری یەکسان بۆ هەمووان مەرجێکی پێشوەختەیە لە بنیاتنانی هەستێکی ڕاستەقینەی ئینتیما و بەشداریکردن لە هەر پرۆسەیەکی نیشتمانی یەکگرتوودا[1].

هاوکات لەڕووی دەستووریشەوە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی چەندان ئاڵنگاری بوەتەوە: هەرێمی کوردستان ئەگەر لەچوارچێوەی دەقە دەستوریەکان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت لەوانەیە زۆر رووبەرووی کێشەی جەوهەری نەبێت لە بابەتی پەرپێدانی ئینتیمای نیشتمانی، بەڵام تا ئێستا لایەنە سیاسییە عێراقییەکان پابەندی دەستوری هەمیشەی عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ نەبووینە و دەیان ماددەی ئەم دەستورەیان پێشێل کردوە. بۆیە لە رووی یاسایی ودەستوریەوە هەرێمی کوردستان رووبەرووی گرفتی جددی بویتەوە لە بابەتی پەرەپێدانی ئینتیمای نیشتمانی ئەویش لە رێگەی پێشێلکردنی دەقە دەستورییەکان و پابەند نەبوون بە یاسا بەرکارەکان یاخود راڤەکردنی دەقە دەستوریی و یاساییەکان بە شێوەیەک کە لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستاندا نەبێت. دەکرێت لە چەند ماددەیەکی دەستوری ئەوە نیشان بدەین:

* بەگوێرەی مادەی ١١٢ی دەستوری عێراق ساڵی ٢٠٠٥، حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێویستە بەرێوەبردنی وزە هاوبەشی پێبکەن بکەن، بەڵام لەوکاتەوە تائێستا بەهۆی ناکۆکی لایەنە سیاسییەکانەوە یاساکە دەرنەچووە. لە بەرامبەردا هەرێمی کوردستان یاسای نەوت و غازی دەرکرد، کە بریتیە لە یاسای ژمارەی ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان ئەمەش یەکێکە لە کێشەکانی دوانەیی یاسا و یاسادەرکردن واتە بوونی یاسا ناوخۆییەکان لە هەرێمی کوردستان کە هەندێک جار جیاوازن لەگەڵ یاسای حکومەتی فیدراڵ دەبێتە هۆی دژایەتی یاسایی کە هەستی یەکگرتووی لەگەڵ دەوڵەت و بوونی سەربەخۆیی بە دامەزراوەکە تێکدەدات. بۆ نمونە ئەم یاسایەی نەوت و گازی هەرێم جیاوازە لەگەڵ ئەو یاسایەی کە حکوومەتی فیدراڵی پەسەندی کردووە[2].

* یەکێک لە ئاڵنگاریە دەستورییەکانی هەرێمی کوردستان خۆی نەبونی دەستورێکی فەرمییە، بەگوێرەی ماددەی ١٢٠ی دەستوری عێراق، هەرێم بۆی هەیە دەستورێک بۆخۆی دابنێت بەو مەرجەی ناکۆک نەبێت لەگەڵ دەستوری عێراق، واتە دەستوری هەرێمی کوردستان جارێ پەسەند نەکراوە و ڕەشنوسە وهێشتا تەواو پتەو نییە و ناکۆکی هەیە لەسەر ئەوەی کێ دەسەڵاتی دەستکاریکردنی دەستوری هەیە (پەرلەمان یان لە رێگەی ریفراندۆم).

* هەروەها یەکێک لە ئاڵنگاریە دەستوریەکانی دەستوری عێراق بۆ هەرێم برگەی سێی ماددەی ١٢١ە، کە پشکی بودجەی هەرێمی کوردستان دیاری دەکات لەسەر رێژەی دانیشتوان، بەڵام تەرخانکردنی رێژەی بودجە لەلایەن بەغداوە بە کەمتر لەوەی لە دەستوری عێراق ئاماژەی پێدراوە خۆی پێچەوانەی ئەم بنەما دەستوریەیە کە بوەتە هۆی کەمی دابینکردنی خزمەتگوزرایەکانی هەرێم لە هەموو ڕوویەکەوە بەگوێرەی پێویست.

* نەبونی متمانە بەو ڕێکەوتنانەی لەنێوان بەغدا و هەرێم دەبەسترێن لەسەر داهاتی نەوت ئەمەش وادەکات ناکۆکیە دەستوری و یاسایەکانی نێوانیان زیاتر بێت[3].هاوکات بەشێکی زۆری بودجە و مووچەی فەرمانبەران لە داهاتی نەوتەوە دێت[4].

---

[1] تقرير رصد حالة سيادة القانون في العراق و اقليم كوردستان العراق 2024، اعداد: شبكه ماف لترسيخ العداله و تنميه الديمقراطية، تاريخ النشر: ٢٠٢٤. ص ٢٨.

[2] Kurdistan Regional Government. *Oil and Gas Law of the Kurdistan Region - Iraq*, Law No. 22 of 2007. Erbil: KRG Ministry of Natural Resources, 2007.
< https://mnr.krg.org > accesses. 6/8/2025.

[3] Reuters, Iraq holds Kurdish government legally responsible for continued oil smuggling, June 5, 2025.
< https://www.reuters.com/world/middle-east/iraq-holds-kurdish-government-legally-responsible-continued-oil-smuggling-2025-06-05/ > accesses. 6/8/2025.

[4] سەروەر محمد عبدالله، چەمک و ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزە لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، ژمارە (١)ی بەهاری ٢٠٢٥، ل٤٤.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

* پرسی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی ساڵی ٢٠١٧ کاتێک هەرێمی کوردستان ئەمەی بە مافێکی یاسایی زانی، حکومەتی فیدراڵ بە پێچەوانەوە بە پێشێلکردنی دەستوری زانی و بووە هۆی گرژی سیاسی و دەستوری ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر پەیوەندیەکانیش دروستکرد.

* یەکێکی تر لە کێشە دەستوریەکان برگەی پێنجی ماددەی 121ی دەستوری عێراقە کە دەسەڵاتی تەواو بە هەرێمی کوردستان دەبەخشێت هێزێکی ئەمنی دابمەزرێنێت لە ئێستادا هەرێمی کوردستان خاوەنی هێزی پێشمەرگەیە بەڵام ئەمەش مشتومڕی دروستکردووە لەسەر سەروەری نیشتمانی عێراق[1].

* ماددەی 140ی دەستوری عێراق تایبەت بە ناوچە کێشە لەسەرەکانیش بەتەواوی جێبەجی نەکراوە هۆکارێک بووە بۆ پەرەسەندنی ناکۆکیە سیاسیەکان[2]. لە ئاکامی ئەو ئاڵنگارییە یاسایی و دەستوریانەی کە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی بوەتەوە کاریگەری لەسەر ئینتیمای نیشتمانی تاک دروست کردووە و ئەمە وای کردووە هاوڵاتی زیاتر هەرێم وەک هۆکارێک بۆ دروستبوونی ئەو ئاڵنگاریانە ببینێت بەڵام هەموو ئەو ئاڵنگاریانەی کە بە ئامانجێکی سیاسی دژبەر دەرهاوشێتە کراون تەنها بۆ ئەوە بووە کاریگەری لەسەر ئینتیمای تاک دروست بکەن و پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستانیش لاواز بکەن.

## دەرئەنجام

ئینتیمای نیشتمانی دیاردەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئاڵۆزە و کاریگەرە بە ژمارەیەک فاکتەر وەکو فاکتەرە سیاسییەکان (جۆری سیستەمی سیاسی، پەیوەندی نێوان هەولێر وبەغدا، ستراتیژیەت وگوتار وسیاسەتەکانی حزبە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان، رادەی نوێنەرایەتی کردنی پێکهاتەکان)، فاکتەرە ئابورییەکان (دادپەروەری لە دابەشکردنی سامانە سروشتییەکان و پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکان، رێژەکانی بێ کاری وهەژاریی، پەیوەندی ئابوری لەگەڵ بەغدا)، فاکتەرە کۆمەلایەتی وکولتورییەکان (ناسنامەی نەتەوەیی، پەروەردە وفێرکردن، ئامرازەکانی راگەیاندن، کۆمەڵەگەی مەدەنی)، فاکتەرە ئەمنییەکان (سەقامگیریی ئەمنی، هێزەکانی پێشمەرگە). ئەم پرسە دوای پەسەندکردنی دەستوری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ دۆخێکی تایبەتی وەرگرتووە بۆ هەرێمی کوردستان. چونکە بوونی قەوارەیەکی سیاسی تا رادەیەك سەربەخۆ لە عێراق، پێویستی بە بوونی ئینتیما هەیە بۆ ئەم قەوارەیە، بۆ ئەوەی بتوانێت بمێنێتەوە وبەردەوام بێت وەک کیانێکی سیاسی و دستوری لە چوارچیوەی عێراقدا. لەم سۆنگەیەوە دوای رووخانی رژێمی بەعس، بە تایبەت پاش ساڵی ٢٠٠٥ چەندان ئاڵنگاری نوێ دەرکەوت بەرامبەر بابەتی پەرەپێدانی ئینتیمای نیشتمانی بۆ هەرێمی کوردستان، کە گرنکترینیان گوشارەکانی حکومەتی فیدڕاڵ و ململانێ ناوخۆی و نەبوونی متمانەیە لە نێوان هاوڵاتیانی هەرێم و حکومەتدا. ئەمە بێجگە لەوەی کە هەرێمی کوردستان چەندان لایەنی ئایینی و ئەتنی جیاواز لە خۆ دەگرێت کە دواجار بابەتی پێویستن بە دروستکردنی ئەو ئینتیما نیشتمانییە.

بێجگە لەوەش، ئاڵنگارییە ئابوریی و سیاسییەکان راستەوخۆ کاریگەریان هەیە لەسەر هەستی ئینتما بۆ نیشتمان، چونکە هەرێمی کوردستان بە دەست کێشە و گرفت و قەیرانی ئابوریی درێژخایەنەوە دەناڵێنێت کە لە ئەنجامیدا چەندین قەیرانی سیاسی یەك لە دوای یەکی دروست کردووە. ئەم ئاڵنگارییانە کاریگەری نەرێنی و راستەوخۆیان هەیە لەسەر پەیوەندی خەڵک و حکومەت بە تایبەتیش لە ئاستی توێژی گەنجان پرسی ئینتیما لە ئەوانەی بەدوای دەرفەتەکانی کارکردن و ژیان وگوزەرانێکی خۆشدا دەگەرێن، ئەمەیش دەبێتە هۆی لاوازبوونی هەستی ئینتیمای نیشتمانی لە لای تاکەکانی کۆمەڵگەدا. لە کاتێکدا هەندێک لە سیاسەتە فەرمیەکان جەخت لە چەمکەکانی پێکەوە ژیان و برایەتی دەکەن، لەوانەیە هەندێکی دیکەی ئەم سیاسەتانە هاندەر بن بۆ قولتر کردنی جیاوازییەکان، بۆیە ئەمە پێویستی بە کردنەوەی دەرگای دانوستانێکی کراوە

---

[1] احسان حميد المفرجي، د.كطران زغير، د.رعد ناجى، و. هەتوان عمر عبدالله، تیۆری گشتی یاسای دەستوری و سیستەمی دەستوری لە عێراق، چاپی یەکەم 2017، ماددەی 121، لا180.

[2] احسان حميد المفرجي، د.كطران زغير، د.رعد ناجى، و هەتوان عمر عبدالله، ماددەی 140، لا193.

دەكات لە نێوان سەرجەم لایەنەکان بۆ ئەوەی کەش و هەوایەکی لە بارتر ئامادە بکرێت بۆ سازان و بە یەک گەیاندنی بۆچوونە جیاوازەکان.

ململانێی ناوخۆییەکان یەکێکی دیکەیە لە ئاڵنگارییە هەرە گرنگەکان کە رووبەرووی پەرەپێدانی ئینتیمای نیشتمانی دەبێتەوە، هەروەها ئەم ناکۆکیانە مەترسیەکی راستەوخۆنە بۆ سەر سەقامگیریی هەرێمی کوردستان، ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازیی پەیوەندیدانان و بەشداری کردنی چالاك لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان. ترسی ئەوەش لە ئارادایە ئەم ناکۆکی و ململانێیانە زیاد بکات، ئەگەر هەنگاوی جددی نەنرێت بەرەو چارەسەرکردنی کێشە سیاسییە هەڵپەسێردراوەکان، کە ئەمەیش راستەوخۆ کاریگەری نەرێنی دەبێت لە سەر بابەتی ئینتمای نیشتمانی.

لەسەر ئاستی کۆمەلایەتیش کوردستانیان بە گشتی و چینی لاوان بە تایبەتی، رووبەرووی کەمی دەرفەتەکانی کارکردن و نەبوونی وەبەرهێنانی پێویست لە سکتەرەکانی پەروەردە و راهێناندا بونەتەوە. هەست کردنی گەنجان بە بێزاری بە هۆی ئەم فاکتەرانەوە، دەبێتە هۆی لە ناوچوونی ناسنامەی نیشتمانی، چونکە هەندێکیان روو لە گەران بەدوای ناسنامە جیاوازەکان دەکەن، وەکو ئینتما ناوخۆییەکان. ئەم مەترسییە لە ئێستادا لە نێو ئەو چینەدا تێبینی دەکرێت و بوونی هەیە.

ئاڵنگارییە ئابورییەکانیش راستەوخۆ کاریگەرییان هەیە لەسەر پەرەپێدانی ئینتیمای نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان، نەبوونی ژێرخانێکی ئابوری تەندروست و لاوازیی کارگێری لە کەرتی ئابوری و بلاوبونەوەی دیاردەی گەندەڵی بونەتە هۆی لاوازی ئینتمای نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان، کەرتە جیاوازەکانی ئابوری بە بێ پلان و نەبوونی ستراتیژیەکی نیشتمانی بۆ پەرەپێدان و بەرێوەبردنی، کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەر هەستی ئینتمای نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان. لە چوارچێوەی تیۆری بونیادگەرایی ئینتیمای نیشتمانی بە شێوەیەکی گشتی جێگیر نییە و رووبەرووی هەڵکشان وداکشانی زۆر دەبێتەوە بە پێی فاکتەرە خودی و بابەتییەکان، بۆیە دەکرێ لە چوارچێوەی ئاڵنگارییەکانەوە چارەسەری کێشە و گرفتەکانی بەردەم بابەتی ئینتیمای نیشتمانی بکرێت لە هەرێمی کوردستان، هەرچەندە ئاستی ئینتمای نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان لە ئاستی پێویست نییە و دەبێت بە کارێکی جددی ئەنجام بدرێت و پلان و ستراتیژێکی درێژ خایەن دابرژرێت بۆ نەهێشتنی ئاڵنگارییەکانی بەردەم ئینتمای نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان.

## راسپاردە

لەسەر بنەمای دەرئەنجامی توێژینەوەکە، کۆمەڵێک پێشنیار دەخرێنەڕوو بۆ نەهێشتنی ئالنگارییەکانی بەردەم پەرەپێدانی ئینتیمای نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان، کە خۆیان دەبیننەوە لەمانەی خوارەوە:

یەکەم: پتەوکردنی یەکریزی ناوخۆ: چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار پارتی و یەکێتی و دەستەبەرکردنی دابەشکردنی یەکسانی دەسەڵات و سەرچاوەکان بۆ پاراستنی سەقامگیری و متمانەی گشتی هاوڵاتیان.

دووەم: پتەوکردنی سەرجەم دامەزراوە حکوومییەکان لەپێناو ڕاپەراندنی ئەرکەکانی هاوڵاتیان بەباشترین میکانیزم.

سێیەم: دابینکردنی خزمەتگوزاری گشتی :پێویستە حکومەت خزمەتگوزارییە گشتیەکانی وەک کارەبا، تەندروستی، پەروەردە، و خوێندنی باڵا باشتر و بەهێزتر بکات.

چوارەم: ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ گشت چین و تویژەکان: پێویستە حکوومەت دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو هاوڵاتیان دەستەبەر بکات بەبێ ڕەچاوکردنی لایەنی حزبی و ئاینی و ئیتنی لەپێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و بیمەی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و رەخساندنی هەلی کار، وەرگرتنی پلە و پۆست و بەڕێوبردنی دام و دەزگاکان و نوێنەرایەتی سیاسی، کە دەکرێت سەرجەم ئەمانە لەڕێگەی چاکسازیەوە دەستەبەر بکرێت.

پێنجەم: چارەسەرکردنی کێشە یاسایی و دەستورییەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ئەنجامدانی ڕێکەوتنێک پاڵپشت بە بنەما دەستورییەکان و دەستەبەرکردنی مافەکانی هەرێم.

شەشەم: چارەسەرکردنی پرسی موچە و بودجە بۆ ئەوەی هاوڵاتیان ئەو بێزاریەی بەرانبەر بارودۆخی ئابوری و سیاسی هەیانە برەوێتەوە.

حەوتەم: سەروەری یاسا: یەکسانبوونی هەمووان لەبەردەم یاسا بەبێ جیاوازی کردن لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگا، بۆ ئەوەی هاوڵاتی هەستبکات یاسا و دادپەروەری بۆ هەمووان وەکوو یەکە.

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم/ سەرچاوە بە زمانی کوردی**

- **کتێب**

**١. احسان حمید المفرجی، د.کطران زغیر، د.رعد ناجی، و. هەتوان عمر عبدالله، تیۆری گشتی یاسای دەستوری و سیستەمی دەستوری لە عێراق، چاپی یەکەم 2017، ماددەی 121.**
**٢. بارزان جەوهەر سادق، متمانەی سیاسی بە سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان، چاپی یەکەم/ ٢٠٢١.**
**٣. حەسەن کاکی، و. مەریوان فەتحی کەریم، چۆنیەتی بەڕێوبردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، چاپی یەکەم/٢٠٢٤، چاپخانەی:دانیشفەر.**
**٤. سۆران عەلی حەسەن، چوارچێوەی یاسایی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق، چاپی یەکەم/ ٢٠٢٤، چاپخانەی قەندیل.**
**٥. نوری تاڵەبانی، پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان و پێشنیازی چاککردنی کەموکوڕییەکانی، چاپی یەکەم/2013، چاپخانەی حاجی هاشم، مادده (١).**

- **گۆڤار**

**١ . سەروەر محمد عبدالله، چەمک و ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزە لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، ژمارە (١)ی بەهاری ٢٠٢٥.**

- **ڕۆژنامە**

**١ . ڕۆژنامە خەبات، هونەرمەند هەڤاڵ قەرەچووغی: بەهۆی نەبوونی پشتگیری هونەرمەندان بەرهەمی هونەری وەستاوە، بەرواری بڵاوکردنەوە: 2023/7/11.**

- **توێژینەوە**

**١ . بەڵێن عیزەت، لێکەوتەی ئابوریی کێشە داراییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، توێژینەوەی بڵاوکراوە لە ناوەندی دەنگی نەتەوە، تەمموزی ٢٠٢٥.**

- **ئینتەرنێت**

**١. فەرهەنگی زانستی سیاسی کوردی، شوناس، bradost – وشەدان.**
**٢ . ڕووداو، ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان بەرزبووەتەوە، بەرواری بڵاوکردنەوە: 2025/3/14.**
**٣. وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.**
**٤. ڕەوەیدا مستەفا، کەمکردنەوەی نایەکسانی لە کوردستان، بەرواری بڵاوکردنەوە: 2023/6/10.**
**٥. رابەر تەڵعەت، راپرسییەک: دوای هەڵبژاردن متمانەی هاونیشتمانییانی هەرێمی کوردستان بە حیزبەکان کەمبووەتەوە، rudaw.net، بەرواری بڵاوکردنەوە: 2025/4/10.**
**٦. کامیل ئەحمەدی، لە سنوورەوە هەتا سنوور توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە شوناس و ئیتنیکایەتی لە ئێران، kameelahmady0، بەرواری بڵاوکردنەوە: 2023/10/30.**
**٧. د. کامەران ساڵحی، لاوازیی بەهاکانی ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانی هۆکار و چارەسەر، گوڵان میدیا،بەرواری بڵاوکردنەوە: 9ی نیسان2023.**

٨. د.سەڵاح عەزیز، ناسنامەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان، بەرواری بڵاو کردنەوە: 2023.
٩. سۆران حەمەڕەش، ئێزیدییەکان کوردن ئێمەین مامەڵەی کوردیان لەتەکدا ناکەین، کوردپێدیا، بەرواری بڵاوکردنەوە: 2024/8/6.
١٠.دکتۆر عەلی عەبدوڵڵا ئەحمەد، هەژاری کارگێڕی لە هەرێمی کوردستان، 2025/1/14 .
١١.درەو میدیا، (٢٠٢٣/١/٣١ ). ڕاپرسیەك لەسەر بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی.
١٢. وەرگیراوە لە سەعید سەیدی، شوناس و شوناسی نەتەوەیی، peyserpress، بەرواری بڵاوکردنەوە: 2019/12/17.
١٣. سەیری ئەو لێدوانەی پەرلەمانتارێک بکە: فەرمانی دەستگیرکردن بۆ ئەحمەد حاجی رەشید، دەرچوو، ٢٠٢٥، درەو میدیا.
١٤. کۆباس، کێ شارچێتی دەکات و سیاسییەکان چۆن پەرەی پێ دەدەن؟، بەرواری بڵاوکردنەوە:21/10/2023 .
١٥. ava.news.، نرخی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان بەرز دەبێتەوە، بەرواری بڵاوکردنەوە: 2025/7/29.
١٦. چاوی کورد، تۆماس کۆهن و پێکهاتەی شۆڕشی زانستی، بەرواری بڵاوکردنەوە: 2025/2/28.
١٧. Zaniary، مەترسیەکانی ژینگەی پیس، بەرواری بلاوکردنەوە: 11-12-2020.
١٨. هەردی ئەحمەد، گەنجان لە نێوان گرفت و کێشە و هەنگاونان بۆ چارەسەر، بەرواری بڵاوکردنەوە: 2018/03/15.
١٩. د.زوبێر رەسول، کێشە هەناوییەکانی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان، بەرواری بڵاوکردنەوە: 20-05-2020.
٢٠. دیاکۆ مورادی، نەتەوە و ڕەهەندەکانی شوناسی نەتەوەیی،2020/4/20.
٢١. وێستگەنیوز، دیداری یەکڕیزی و یەک وتاری لایەنە کوردستانییەکان لە بەغدا، 2021/10/21.
٢١. عەبدولقەهار هەولێری، چەکەرەکردنی بیری نیشتمانپەوەری لای منداڵی کورد، باس نیوس، بەرواری بڵاوکردنەوە: 2023/2/5.
٢٣. ئاکۆ عەبدولمەجید سەعید، ئاستی گەشەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، بەرواری بڵاوکردنەوە: 2020/4/28.
٢٤. ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، کاریگەری پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر بارودۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستان، 2023/1/16.
٢٥. بۆتان لەتیف عەبدولقادر، زمان و ناسنامە؛ لە نێوان ڕەسەنێتی و نامۆییدا، بەرواری بڵاوکردنەوە: 2018/10/27.
٢٦. سەرکۆ یونس، لە ڕۆژی جیهانی دادپەروەری کۆمەڵایەتیدا، تیشکێک لەسەر کوردستان، بەرواری بڵاوکردنەوە:2021/2/19.

دووەم/ سەرچاوە بە زمانی عەرەبی

- الدوريات العلمية

١ . عبد الرمحن بن عبيد الرفدي، االنتماء الوطن ضرورة فطرية وحقيقة شرعي، مجلة العلوم الشرعية واللغة العربية، عدد: السابع عشر، 2024/5/9.

٢ . بدر علي العبدالقادر، الانـتماء إلى الـوطن وأثـره في حمايـة الـشباب مـن الانحراف، المجلد الخامس، عدد و التاريخ: 11-12/ يناير 2018.

٣ . ثائر رحيم كاظم، العولمة والمواطنة والهوية، مجلة القادسية في الأداب والعلوم التربوية، العدد ١، التاريخ (٢٠٠٩).

٤. د. صلاح الدين محمد حسينى، استخدام أسلوب الجودة الشاملة لتفعيل دور الجامعة فى تعزيز الانتماء لدى الطلاب بمصر، كلية التربية النوعية – جامعة بنها.

٥. تقرير رصد حالة سيادة القانون في العراق و اقليم كوردستان العراق 2024، اعداد: شبكه ماف لترسيخ العداله و تنميه الديمقراطية، تاريخ النشر: ٢٠٢٤.

- انترنت

١. بشار طميزي، بحث عن الانتماء للوطن، (مارس 2020)، موضوع.
٢. مجيد جاسم، مفهوم المواطنة في اللغة والاصطلاح، محاضرة التاريخ القديم، الناشر: جامعة الانبار، بدون التاريخ.
٣. عبد القادر العلمي، المواطنة مفهومها ومقوماتها، تاريخ النشر: 2015/6/25.
٤. اقتبست من نورا عبه جي، مفهوم المواطنة - The Concept of Citizenship،تاريخ النشر: 2023-06-04.
٥. عبد القادر العلمي، المواطنة مفهومها ومقوماتها، machahid24، يونيو 2015.
٦. د. سامان شالي، تحديات أمام حكومة إقليم كوردستان في عام 2025، تاريخ النشر: 2025/1/11..
٧. سامان شالي، حماية مصالح إقليم كوردستان: التحديات والاستراتيجيات في مواجهة قرارات المحكمة الاتحادية، تاريخ النشر:2024/3/17.

سێیەم/ سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی

- book

1. Ernest RENAN, “What is a Nation?”, text of a conference delivered at the Sorbonne on March 11th, 1882.
2. Wendt, Alexander. Social Theory of International Politics. Cambridge University Press, 1999.
3. Yuval-Davis, Nira. "The politics of belonging: Intersectional contestations." (2011).

- online

1. Kurdistan Regional Government. *Oil and Gas Law of the Kurdistan Region - Iraq*, Law No. 22 of 2007. Erbil: KRG Ministry of Natural Resources, 2007.
2. Reuters, Iraq holds Kurdish government legally responsible for continued oil smuggling, June 5, 2025.
3. Sbey research, The Impact of delayed salary payments on employees in the Kurdistan Region of Iraq, November 2023.Available At: https://sbresearch.s3.eu-west-amazonaws.com/pdf/uWafvYg56uguFj4TjrDsgAvqve67CJzxw6ckm71W.pdf.

# تحديات تعزيز الانتماء الوطني في إقليم كوردستان بعد عام ٢٠٠٥

| |
|---|
| كەژال كمال هادى |
| قسم نظم السياسية و السياسات العامة، كلية العلوم السياسية، جامعة صلاحدين – اربيل، اقليم كردستان – العراق. |
| Kazhal.hadi@su.edu.krd |
| أ. م. د. موفق عادل عمر |
| قسم نظم السياسية و السياسات العامة، كلية العلوم السياسية، جامعة صلاحدين – اربيل، اقليم كردستان – العراق. |
| muwafaq.omar@su.edu.krd |

## الملخص

يُعرف الانتماء الوطني بأنه مجموعة الممارسات والسلوكيات التي تعكس التزام الأفراد بالقيم الوطنية السائدة في المجتمع، مثل الاعتزاز بالرموز الوطنية، والامتثال للقوانين والأنظمة، والتعلق بالأرض والهوية المشتركة. وتلعب الأحزاب السياسية دورًا محوريًا في تعزيز الانتماء الوطني في إقليم كردستان، انطلاقًا من أيديولوجياتها وتوجهاتها السياسية والثقافية. يهدف هذا البحث إلى تحليل التحديات التي تواجه تعزيز الانتماء الوطني، والتي تُعدّ ضمن مسؤوليات الأحزاب السياسية في الإقليم.

تعتمد هذه الدراسة على المنهج الوصفي التحليلي لفهم الواقع السياسي والاجتماعي في إقليم كردستان، ودراسة العوامل المؤثرة في تشكيل الهوية والانتماء الوطني. كما تستخدم منهج دراسة الحالة لتقييم دور الأحزاب السياسية في هذا السياق. وتستند الإطار النظري للبحث إلى النظرية البنائية، التي توفر أداة تحليلية لفهم التحديات التي تعترض تعزيز الانتماء الوطني في ظل التركيبة السياسية لاقليم كردستان.

وتكشف نتائج الدراسة عن وجود تحديات متعددة تعيق جهود الأحزاب السياسية في تنمية الانتماء الوطني، أبرزها: التحديات المتعلقة بالهوية الوطنية، والأزمات الاقتصادية المزمنة، والخلافات السياسية، بالإضافة إلى الإشكالات القانونية والدستورية. إذ يعاني إقليم كردستان من أزمة اقتصادية حادة أسهمت في تفاقم الأزمات السياسية، مما أثر سلبًا وبشكل مباشر على تعزيز الانتماء الوطني. بلغت هذه التحديات مستوى حرجًا أدى إلى بروز ما يمكن تسميته "أزمة الانتماء الوطني"، التي أصبحت أكثر وضوحًا في السنوات الأخيرة.

الكلمات المفتاحية: الانتماء الوطني، الحزب السياسي، الهوية، المواطنة، إقليم كردستان.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# Challenges to National Belonging in the Kurdistan Region After 2005

| |
|---|
| **Kazhal Kamal Hadi** |
| **Department Of Politcal System and Public Policy, College Of Political Scince,Salahaddin University - Erbil, Kurdistan Rigion – Iraq** |
| **Kazhal.hadi@su.edu.krd** |
| **Assistan Professor. Muwafaq Adil Omar** |
| **Department Of Politcal System and Public Policy, College Of Political Scince,Salahaddin University - Erbil, Kurdistan Rigion – Iraq** |
| **muwafaq.omar@su.edu.krd** |

## ABSTRACT

**National belonging refers to the set of behaviors and practices that reflect individuals' commitment to the prevailing national values in society, such as pride in national symbols, adherence to laws and regulations, and attachment to the homeland and shared identity. Political parties play a pivotal role in fostering national belonging in the Kurdistan Region, guided by their political and cultural ideologies. This research aims to analyze the challenges facing the promotion of national belonging, which fall within the responsibilities of political parties in the region.**

**This study employs a descriptive-analytical methodology to understand the political and social reality of the Kurdistan Region and examine the factors influencing national identity and belonging. Furthermore, a case study approach is used to assess the role of political parties in this context. The theoretical framework of the study is based on the theory of constructivism, which provides an analytical tool for understanding the challenges hindering the development of national belonging within the region's political structure.**

**The findings reveal multiple challenges impeding political parties' efforts to strengthen national belonging, the most prominent being: challenges related to national identity, chronic economic crises, Political disputes, and Legal and constitutional issues.**

**The Kurdistan Region suffers from a persistent economic crisis that has exacerbated political instability, directly and negatively impacting the reinforcement of national belonging. These challenges have reached a critical level, leading to what can be termed a "crisis of national belonging," which has become increasingly evident in recent years.**

**Keywords:**
**National belonging, political parties, citizenship, identity, Kurdistan Region.**